# سەرهەڵدانی خەوارجەکان و کاریگەرییان
# لەسەر خەلافەتی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب (٣٥-٤٠ک)

**أسو نريمان سبحان**[١]

[١] بەشی مێژوو، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، شاری کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: aso.subhany@garmian.edu.krd

## پوختە

یەکێک لە ڕووداوە ترسناکەکانی نێو مێژووی ئیسلام کوژرانی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففانی خەلیفەی سێیەمی موسڵمانان بە دەستی خودی موسڵمانان بووە، کە بەهۆی کوژرانییەوە جەنگی جەمەل و سەففەین ڕوویانداوە. بەر ئەنجامی شەڕی سەففەینیش خەوارجەکان وەک گروپێکی سەربەخۆ دەرکەوتوون و لە سوپای خەلیفە عەلی جیابوونەتەوە. جیابوونەوەی خەوارجەکان لە خەلیفە عەلی کاریگەریەکی خراپی لەسەر خەلافەتەکەی هەبووە، بە هۆی دەرکەوتنی ئەم گروپەوە خەلیفە عەلی بەشێك لە سوپاکەی لە دەستداوە، خەوارجەکان هەمیشە لە پیلان گەڕاون بەرامبەر خەلیفە و لایەنگرانی، بۆیە بەردەوام خەلیفە پێوەیان سەرقاڵ بووە، سەرباری ئەمانە بەهۆی ئەوەی زۆربەی کات خەلیفە عەلی بە ئاژاوەکانی خەوارجەکانەوە خەریك بووە موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان ئەم هەلەی قۆستۆتەوە و هێرشی کردۆتە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلیفە عەلی و داگیری کردووە، وەك ئەوەی دەستی بە سەر میسردا گرتووە.

کاتێکیش خەلیفە عەلی سوپایەکی ئامادەکردووە و ویستوویەتی شەڕی موعاویەی پێبکات، بەڵام خەوارجەکان ئەو دەرفەتەیان بە خەلیفە عەلی نەداوە و دەستیان بەکاری ئاژاوەگێڕی زیاتر کردووە، بۆیە ئەو سوپایەی خەلیفە بۆ شەڕی موعاویە و شامیەکان ئامادەی کردووە، بە ناچاری ئاڕاستەی نەهرەوانی بۆ جەنگی خەوارجەکان کردووە. ئەگەرچی خەلیفە عەلی لەم جەنگەدا بەسەر خەوارجەکاندا سەرکەوتووە، بەڵام زۆرێك لەوانەی بیروباوەڕی خەوارجیان هەبووە یان لایەنگری خەوارجەکان بوون جارێکی تر خۆیان ڕێک خستۆتەوە و کەوتوونەتە دژایەتی کردنی خەلیفە عەلی، هەربۆیە هەندێک پێیان وایە خەوارج وەك مارێك وابووە لە جەنگی نەهرەوان پێکرا، بەڵام نەکوژرا. دواجاریش خەلیفە عەلی هەر بەدەستی خەوارجەکان کوژرا و خەلافەتەکەی بە کۆتا گەیشتووە.

**کلیلە وشەکان:** خەوارج، دادوەری، خەلافەت.



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10469 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٢/٨ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | aso.subhany@garmian.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٣ م.ی.أسو نريمان سبحان، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**الملخص**

من اخطر الأحداث في التاريخ الإسلامي هو اغتيال الخليفة الثالث للمسلمين عثمان بن عفان على يد المسلمين أنفسهم ، والذي ترتبت على اثرها معركتي الجمل وصفين . ومن نتائج معركة صفين ظهور الخوارج كمجموعة مستقلة انفصلوا عن جيش الخليفة علي . الذي أثر بشكل سلبي على خلافته ، وبسبب ظهور هذه المجموعة فقد الخليفة علي جزءاً من جيشه ، وهم كانوا يسعون دائماً للقيام بمؤامرات ضد الخليفة وأنصاره ، لذلك اشغلوا الخليفة علي بأثارتهم للشغب باستمرار مما جعل من معاوية بن ابي سفيان ان يستغل هذا الموقف ويهاجم المناطق الواقعة تحت حكم الخليفة علي ويسيطر عليها كما فعل في مصر .

عندما جهز الخليفة علي جيشا لمحاربة معاوية ازدادت تحركات الخوارج ضد خلافته ، مما اضطر ان يغير وجهه الجيش من مقاتلة معاوية والشاميين الى التوجه بهم نحو نهروان لمحاربة الخوارج . ورغم انتصار الخليفة علي على الخوارج في هذه المعركة إلا أن العديد ممن آمنوا بالخوارج وساندوهم أعادوا تنظيم أنفسهم مرة اخرى ضد الخليفة علي ، لذلك يعتقد البعض أن الخوارج كانت مثل الأفعى التي تم أصابتها في النهروان ، لكنها لم تقتل . وفيما بعد تم قتل الخليفة علي على يد الخوارج وانهيت خلافته.


**كلمات مفتاحة:** الخوارج، التحكيم، الخلافة.


## Abstract

The most dangerous event that occurred in the Islamic history had been the murder of Othman bn Affan, the third Caliph, by the Muslims themselves. Because of his murder, both Jamal and Saffin Battles happened. As a result of the battle of Saffin, Kharijites emerged as an independent group that separated from Caliph Ali's military forces. This separation had had negative impacts on Ali's Caliphate, who he had lost a part of his forces due to the emergence of this group, who they sought any plans against Ali and his followers. Therefore, Ali had always been busy with them. This had made Caliph Mu'awya bn Abu Sufyan take the opportunity to invade and occupy some territories (e.g. Egypt) ruled by Ali.

Whenever Ali had prepared and wanted to fight Mu'awya, Kharijites prevented Ali by starting chaos. Therefore, Ali had directed his forces, which were prepared against Mu'awya and the Levent people, toward Nehrawan fighting against Kharijites. Although Caliph Ali succeeded in overcoming Kharijites, some of those who had Kharijites believer or followers attempted to prepare and combat against Ali. Thus, some scholars believe that Kharijites were injured but not killed like a snake which can later survive. Ultimately, Caliph Ali was killed and his rule was terminated by Kharijites.


**Keywords:** Kharijites, Judgement, Caliphate.

## پێشەکی

دەرکەوتنی گروپی خەوارج هەروا ڕووداوێکی ئاسایی نەبوو، یان گروپێکی بچووکی نارەزایی نەبوو بە ئاسانی کۆتاییان پێبێت، بەڵکو، دەرکەوتنی خەوارج وەک گروپێکی سەربەخۆ لە دوای جەنگی سەففەینەوە یەکێک بووە لەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕووی خەلیفە عەلی بووەتەوە، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش هەروا ئاسان نەبووە. ئەگەرچی خەلیفە عەلی لە هەوڵی بەردەوام بووە بۆ ڕزگاربوون لەو کێشە و ئاریشانە، بەڵام خەوارجەکان سووربوون لەسەر بیروباوەڕی خۆیان و دژایەتی کردنی خەلیفە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر خەلافەتەکەی عەلی کوڕی ئەبوتالب جێهێشتووە، تا ئەوەی خەلیفە زۆربەی کاتەکانی بۆ سەرقاڵ بوون بە کێشە و ئاژاوەکانی خەوارج تەرخان کردووە، تا ئاژاوەیەکیانی دامرکاندۆتەوە ئاژاوەیەکی تریان بۆ دروستکردووە، بە جۆرێک نەی پەرژاوەتە سەر ڕێکخستنی کاروباری خەلافەت و بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی.

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە

دەرکەوتنی خەوارج وەك هێزێكی خاوەن بیروباوەری سەربەخۆ و جیابوونەوەی ئەم کۆمەڵە لە موسڵمانان جێگەی سەرنجمان بووە، هەوڵماندا وە لەوە تێبگەین چ هۆكارێك وای كردووە ئەم گروپە لە مێژووی ئیسلامدا سەر هەڵبدەن؟ چ کاریگەرییەکیان لەسەر خەلافەتی ڕاشدین و لاوازبوون و نەمانی خەلافەتەکەی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب وەک دواهەمین خەلیفەی ڕاشدین هەبووە ؟

## میتۆدی توێژینەوە

ئەو میتۆدەی لە توێژینەوەکەم بەکارمان هێناوە، میتۆدی مێژووی شیکارییە، لەژێر ڕۆشنایی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکاندا گەنگەشەی دروستبوونی گروپەکەمان کردوە، دواجاریش هەوڵی شیکار لە کاریگەری دروستبوونیانمان داوە.

## خستنەڕووی بەش و باسەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بە ناوی سەرهەڵدانی خەوارج و کاریگەریان لەسەر خەلافەتی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم پێکهاتووە لە سەرەتای سەرهەڵدانی خەوارجەکان، کە لە چوار باسی سەرەکی پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا باس لە پێناساندنی خەوارجەکان و نازناوەکانیان کراوە. لە باسی دووەمدا باس لە مێژووی سەرهەڵدان و دروستبوونی خەوارجەکان کراوە. لە باسی سێیەمدا باس لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی خەوارجەکان کراوە. لەباسی چوارەمدا باس لە گرنگترین گروپە سەرەکیەکانی خەوارج و هەندێک لە بیروباوەڕەکانیان کراوە. بەشی دووەم پێکهاتووە لە کاریگەری خەوارجەکان لەسەر خەلافەتی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب، کە لە سێ باسی سەرەکی پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا باس لە کاریگەری خەوارجەکان لەسەر سوپاکەی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب کراوە، لە باسی دووەمدا باس لە جەنگی نەهرەوان و هەوڵەکانی خەوارج بۆ دژایەتیکردنی خەلافەتی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب کراوە، لە باسی سێیەم و کۆتایدا باس لە کوژرانی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب بە دەستی خەوارجەکان کراوە.

## سەرچاوە بەکارهاتووەکان

ئەو سەرچاوانەی کە بەپلەی یەکەم سوودیان لێ بینراوە، چەندین سەرچاوەبوون لەوانە (البلاذری: انساب و الاشراف. الطبری: تاریخ الطبری. الشهرستانی: الملل و النحل. ابن الاثیر: الکامل فی التاریخ. ابن کثیر: البدایە والنهایە. و هتد) بوون.

## بەشی یەکەم:سەرەتای سەرهەڵدانی خەوارجەکان

### باسی یەکەم: ناساندنی خەوارجەکان و ئەو نازناوانەی لە مێژوودا پێیان دراوە

خەوارجەکان پێش جیابوونەوە و پەرتەوازەبوونیان بۆ چەند گروپ و دەستەیەك، بەچەند نازناوێك ناسراون. لە خوارەوە باسیان دەکەین:

١_ خەوارجەکان کۆنترین دەستە و تاقم و گروپێکن لە مێژووی ئیسلامدا سەریان هەڵداوە، مێژووی دەرکەوتنیان بە شێوەیەکی دیار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٣٧کۆچی (ابن الاثیر،١٩٨٧، ج٣ ،ص٢٠٢). لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب و موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان والی شام لە کۆتایی شەڕی سەففەین سەریان هەڵداوە (ابن کثیر،١٩٩٧، ج١٠، ص٥٠٢) ئەم کێشە و ململانێیەش لە دوای کوژرانی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەففان لە ساڵی (٣٦کۆچی) دەرکەوتووە، کاتێک موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان ئامۆزای خەلیفە عوسمان داوای بە دواداچوونی بۆ کوشتنەکەی خەلیفە کردووە (المقدسی، ب.س، ج٥، ص٢١٧). لە ئەنجامی ئەم داواکارییە کەوتۆتە ململانێکردن لەگەڵ خەلیفە عەلی ئامۆزای پێغەمبەر موحەمەد (د.خ)، بۆیە شەڕ لە نێوانیاندا ڕوویداوە (البلاذری، ١٩٩٦، ج٣، ص١١٣-١١٤)، لە ئان و ساتی ئەو شەڕە بەهۆی ئاشتی خەلیفە عەلی لەگەڵ موعاویە و ڕاگرتنی شەڕەکە، کۆمەڵێك لە سوپاکەی خەلیفە جیابوونەتەوە (المظفری،١٩٨٩، ص ١٧٨-١٧٩)، چونکە ئەم گروپە ڕازی نەبوون بە ڕێککەوتن و دادوەری و ئاگربەستی نێوان خەلیفە عەلی و موعاویە (الشهرستانی، ١٩٩٣، ج١، ص١٣٣-١٣٤)، بۆیە لە ڕیزی سوپای خەلیفە عەلی چوونەتە دەرەوە، لەکاتی ڕۆشتنە دەرەوەکەیان دروشمی "لا حُكْمَ إلاَّ للهِ" یان بەرزکردۆتەوە، بەمەش کەوتوونەتە دژایەتیکردنی نێوان هەردوو لایان (ابن مزاحم،١٩٩٠، ص٥١٣). ئیبن کثیر ئاماژەی بەوەکردووە دوای ئەوەی خەلیفە عەلی لە جەنگی سەففەین گەڕاوەتەوە، پێش گەیشتن بە کوفە نزیکەی دوازدە هەزار لە لایەنگرانی لێی جیابوونەوە، ئەمانە ناونران بە خەوارج و ڕۆیشتوون بۆ ناوچەیەك نزیک کوفە بە ناوی حەروراء (ج١٠، ص ٥٦٠-٥٦١).

وشەی خەوارج لە وشەی (خوارج)ی عەرەبییەوە هاتووە، بنەڕەتی وشەکەش لە وشەی (خرج)ەوە هاتووە، کە کۆکراوەی وشەی (الخارجة) (الشهرستانی، ج١، ص١٣١)، کۆی وشەکەش بە کوردی بە واتای دەرچوون دێت. خودی خەوارجەکان ئەم ناوەیان لە ئایەتێکی سورەتی نیساء (سورة النساء ، الاية ١٠٠)ەوە وەرگرتووە. کە دەفەرموێت (وَمَن يَخْرُجْ مِن بَيْتِهِ مُهَاجِرًا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا) بە پێی ئەم ئایەتە پێیان وابووە ئەوان لە پێناو خودا کۆچیان کردووە، بە تایبەتی کاتێک ئامادەنەبوون لەگەڵ خەلیفە عەلیدا بگەڕێنەوە بۆ کوفەی ناوەندی دەسەڵاتی خەلافەت و، ئاڕاستەی ڕۆشتنەکەیان بەرەو ناوچەی حەروراء بووە، بەڵام موسڵمانانی تر پێیان وایە ئەوان دوورن لەو ئایەتەوە، بەڵکو پێیان وایە گروپی خەوارج زیاتر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بە سەریاندا ساغ دەبێتەوە، کاتێ فەرموویەتی: يَمْرُقُونَ مِنَ الدِّينِ كما يَمْرُقُ السَّهْمُ مِنَ الرَّمِيَّةِ (المقدسی، ب.س، ج٥، ص ص١٣٥).

بە کورتی دەتوانین بڵێین خەوارجەکان ئەو کۆمەڵەیەبوون، کە دوای جەنگی سەففەین جیابوونەوەی خۆیان لەناو سوپای عەلی کوڕی ئەبوتاڵیبی خەلیفەی موسڵمانان ڕاگەیاندوە، ئەمەش بە هۆی ئەو ململانێ و ئاژاوەیەی لە نێوان موسڵماناندا سەری هەڵداوە. ئەمانە پێیان وابووە دەبوو خەلیفە عەلی دژی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان والی شام بجەنگێت، کە نەیویستووە دان بە خەلافەتەکەی عەلی بنێت و بکەوێتە ژێر دەسەڵاتییەوە، بەو بیانوویەوە داوای خوێنی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەففانی کردووە، بۆیە ڕازی نەبوون بە دادوەریکردنی نێوانیان. دواتر ئەمانەبوون بە کۆمەڵێکی توندڕەو دژی بەرەی خەلیفە و موعاویەش، تاوەکو ئێستاش لەلایەن زۆربەی زۆری موسڵمانانەوە بە کافر و لادەر و ئەهلی دۆزەخ ناویان دەبەن، موسڵمانانی تر بە سەری فیتنە و ئاژاوەگێڕیان دەزانن، پێیان وایە هەر ئەمانیش خەلیفە عوسمانیان شەهیدکردووە، بەڵام بەپێچەوانەوە هەروەک ئاماژەی پێکراوە خەوارجەکان خۆیان بە ڕاستر و موسڵمانی ڕاستەقینەتر دەزانن، بۆ ئەمەش ئەو ئایەتە دەکەنە بەڵگە کە پێشتر باسی لێوە کراوە. ئەمە لە کاتێکدا موسڵمانان ئەو حەدیسەی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بە سەریاندا دادەبڕن کە لەسەرەوە باس کراوە.

٢.شرات: ئەم گروپە خۆیان ئەم ناوەیان لە خۆیان ناوە، ئەمەش هەر دوای جیابوونەوەیان لە خەلیفە عەلی، لەسەر ئەو باوەڕەی کە هەیان بووە، پێیان وابووە ئەوان بەم دنیایەی تیایدا دەژین ئەو دنیایان کڕیووە یاخود خۆیان لە ڕێگەی خودا دا فرۆشتووە (جلالی، ١٩٨٧، ل٦٥). ئەمەش بەپشتبەستن بەم دوو ئایەتەی خوارەوە کە دەفەرموێت (وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ)(سورة البقره، الاية ٢٠٧). (إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ) (قورئان، توبه، ئایەتی١١١).

٣.المحكمة: ئەم نازناوەیان پەیوەستە بە دروشمەکەیانەوە "لا حُکْمَ إلاَّ لله" کاتێک لە جەنگی سەففەین بەرزیان کردۆتەوە (ابن مزاحم،١٩٩٠، ص٥١٣)، پێیان وابووە دەبوو خەلیفە عەلی لە شەڕکردن بەردەوام بێت تاوەکو لایەک بەسەر لایەکی تردا سەر دەکەوێت ئەمە حوکمێکی خوداییە نابێت مرۆڤ بڕیاری لەسەر بدات، کاتێك ئەم وتەیە گەیشتۆتە بەرگوێی خەلیفە عەلی ئاماژەی بەوەکردووە: كَلِمَةُ حَقٍّ يُرَادُ بِهَا بَاطِلٌ (ابن الاثیر،١٩٨٧، ج٣، ص٢١٢) واتا وشەکە ڕاستە، بەڵام مەبەستەکەیان بەتاڵ و نارەوایە، وەک دەگێڕنەوە ئەم نازناوەی خەوارج لە هەموو نازناوەکانی تر کۆنترە، زۆربەی بۆچوونەکانیش وای بۆ دەچن خەوارجەکان بەم نازناوە خۆشحاڵ بوون، چونکە لە سایەیدا کۆبوونەتەوە و لەژێر ئاڵایدا جەنگیان کردووە (محیدین، ٢٠٠٧، ص١٤٥).

٤.حروریە: ئەم نازناوە دەگەڕێتەوە بۆ جوگرافیای نیشتەجێبوونیان (ابن الخیاط،١٩٩٥، ص١١٥)، هەروەک بولازەری ئاماژەی بۆکردووە، دوای ئەوەی خەلیفە عەلی لە سەففەین دەگەڕێتەوە بۆ کوفە، بەڵام خەوارجەکان ڕۆشتوون بۆ ناوچەک بە ناوی حەروراء هەر لەبەر ئەمەش ناونران حروریە (١٩٩٦، ج٣، ص١١٤).

٥. وەهبیە: ئەم ناوە پەیوەندی بە ناوی عەبدوڵای کوڕی وەهبی راسبیەوە هەیە، چونکە ئەم کەسایەتییە وەک یەکەمین سەرکردە و خەلیفەی خۆیان دوای جیابوونەوەیان لە سوپاکەی خەلیفە عەلی هەڵیان بژاردووە، بۆیە هەندێکجار بە وەهبییەکان ناویان هێنراوە (الدینوری، ب.س، ص٢٠٢، الشهرستانی، ١٩٩٣ ،ج١، ص٣٦).

٦.مارقە: خەوارجەکان خۆیان زۆر ڕقیان لەم ناوەبووە، زیاتر موسڵمانەکانی تر جیاواز لە خەوارجەکان لێیان ناون، پێیان وابووە ئەم ناوە باشترین ناوە بۆ ناساندنیان (محیدین، ١٩٨٨، ص١٤٧). ئەمەش پشت بەستن بەو فەرمودەیەی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) کە پێشتر باسی لێوەکرا.

## باسی دووەم: مێژووی سەرهەڵدان و دروستبوونی خەوارج

سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدان و دروستبوونی خەوارج بیروبۆچونی جیاواز هەیە، هەندێك لە مێژوونووسان دروستبوونی خەوارج بۆ سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد (د.خ) دەگەڕێننەوە. هەندێکی تر دەیگێڕنەوە بۆ سەردەمی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەففان، پێیان وایە هەر بە دەستی ئەمانیش خەلیفە عوسمان کوژراوە. هەندێکی تر پێیان وایە خەوارجەکان لە دوای جەنگی سەففەین دەرکەوتوون و بە شێوەیەکی سەربەخۆ چالاکییەکانیان دەستپێکردووە. لە خوارەوە هەندێ لە بیروبۆچوونەکان سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدان و دروستبوونی خەوارج دەخەینەڕوو:

سەبارەت بەوەی کە دەڵێن: خەوارجەکان لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) سەریان هەڵداوە، ئەوە دەکەنە بەڵگە هەروەک مەقدسی لە البدء و التاریخ گێراویەتیەوە ئاماژەی بەوەکردووە (روی أبوسعید الخدری ان رَسولِ اللَّهِ صَلَّی اللهُ علیه وسلَّمَ کان يَقْسِمُ قِسْمًا، فجاء ذُو الخُوَيْصِرَةِ

حرقوص بن زهير التميمي فقال: ما عدلت، فَقالَ عُمَرُ: يا رَسولَ اللَّهِ، ائْذَنْ لي فأضْرِبَ عُنُقَهُ فَقالَ: دَعْهُ، يا عمر له أَصْحَابًا يَحْقِرُ أَحَدُكُمْ صَلَاتَهُ مع صَلَاتِهِمْ، وصِيَامَهُ مع صِيَامِهِمْ يَقْرَؤُنَ القُرْآنَ لا يُجَاوِزُ تَرَاقِيَهُمْ، يَمْرُقُونَ مِنَ الدِّينِ كما يَمْرُقُ السَّهْمُ مِنَ الرَّمِيَّةِ، يؤمهم رَجُلٌ أَسْوَدُ له ثَدْيٍ كثدي المَرْأَةِ، أَبِي سَعِيدٍ ان قال أَشْهَدُ أَنِّي سَمِعْتُ هذا مِن رَسولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، وأَشْهَدُ أنَّ عَلِيًّا حين قاتلهم جئ الرَّجُلِ علَى نَعْتِ)(ب.س، ج٥، ص ص١٣٥-١٣٦.)،بۆیە هەندێک لە مێژوونووسان سەرەتای دەرکەوتنی خەوارج دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) پێیان وایە بیری دروستبوونی خەوارج لێرەوە چەکەرەی کردووە، هەروەک (ئیبن جەوزی) ئاماژەی بەوەکردووە، کە زولخویصرەی تەمیمی یەکەم خەوارج بوو لە ئیسلام دەرچوو، کاتێک بە پێغەمبەری خودای وت: عەدالەتی بەکاربهێنە. پێغەمبەریش وتوویەتی تیابچیت ئەگەر من دادپەروەرنەبم کێ دادپەروەر دەبێت (ابن الجوزی، تلبیس ابلیس، ٢٠٠٦، مج٢، ص٥٥٠).

سەبارەت بەوەی کە دەڵێن: خەوارجەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان دەرکەوتوون؛ (ئیبن کثیر) ئاماژەی بەوەکردووە ئەو کەسانەی ڕۆشتنە سەر خەلیفە عوسمان و شەهیدیان کرد خەوارجەکان بوون (١٩٩٧.ج١٠، ص٤٣١). ڕەنگە ئەم بۆچوونەی ئیبن کثیر بۆ ئەوە بگەڕێتەوە وەک لە مێژوودا باسکراوە، زۆربەی زۆری ئەوانەی ڕۆیشتوونەتە سەر مەدینە و خەلیفە عوسمانیان کوشت دواتر بوون بە خەوارج، دیارە هەر لەسەر ئەم بنەمایە (ئیبن کثیر)یش ئەوانە بە خەوارج دادەنێت.

ئەگەرچی لە هەندێك سەرچاوەدا باسی خەوارجەکان دەکرێت لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، بەڵام لە ڕاستیدا ناتوانین بڵێین خەوارجەکان هەر لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) هەبوون، ئەو ڕووداوەش کە باسی لێوەکراوە لە سنوری تاکە کەسیدا بووە، واتا نەبۆتە شێوەی گروپێك و دژایەتی پێغەمبەر بکەن. خۆ ئەگەر ڕووداوێکی لەو جۆرەش ڕوویدا بێت ئەوا پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بە دانایی و لێهاتووی خۆی چارەسەری کردووە و نەیهێشتووە چوارچێوەیەکی فراوان وەربگرێت، ئەوەیشی لە سەردەمی خەلیفە عوسماندا ڕوویداوە ناتوانین بڵێین خەوارجەکان بوون، چونکە خەوارجەکان لە دوای جەنگی سەففەینەوە وەکو گروپێکی سەربەخۆ دەرکەوتوون و کەوتوونە دژایەتیکردنی خەلافەتی ئیسلام، بۆیە دەکرێت بڵێین زۆربەی زۆری ئەوانەی دەستیان لە کوشتنی خەلیفە عوسماندا هەبووە، وەک فکر و بیروباوەڕ پێشتر دەرکەوتوون، دواتر بوون بە بەشێکی سەرەکی لە خەوارجەکان، نەك خەوارجەکان وەك گروپێك لەو سەردەمە هەبووبن.

بەڵام بۆچوونی بەهێز ئەوەیە، خەوارجەکان لە دوای جەنگی سەففەین دەرکەوتوون کە بە ڕێکەوتنی دادوەرییەکە ڕازی نەبوون. دوابەدوای کوژرانی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەففان و هاتنە سەر کاری عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب وەك خەلیفەی چوارەمی ڕاشیدین، (موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان) کە ئەوکات والی شام بووە، هەڵپەی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمانی کردووە، چونکە خۆی بە نزیکترین خزمی عوسمان زانیوە و تۆڵەسەندنەوەش وەك نەریتێکی کۆنی عەرەب لێخۆشبوونی نەبووە، بۆیە شەڕ لە پێناو دەسەڵات بە بیانووی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی خەلیفە عوسمان لە نێوان لەشکری خەلیفەی موسڵمانان بە سەرکردایەتی عەلی و لە شکری والی موسڵمانان لە شام بە ڕابەرایەتی موعاویە بەرپابووە (کرمانج، ٢٠٠٥، ل١٢٦.١٢٧). لە ساڵی٣٧ک لە نێوان هەردوولادا ڕوویداوە، وەک دەگێڕنەوە زۆر نزیك بووە شەڕەکە بە سەرکەوتنی خەلیفە عەلی کۆتایی بێت (یاسین، ١٩٩٩، ص٩٧)، بەڵام موعاویە بۆ ڕزگاربوون پەنای بردۆتە بەر قورئان (ئەمین، ٢٠٠٢، ل١٢)، سەرەتا خەلیفە عەلیش ئەمەی بە فێڵێك زانیووە تا ئەوەی لەلایەن زۆرێک لە لایەنگرانییەوە ناچارکراوە ئاشتی لە نێوانیاندا قبوڵ بکات، لە هەمانکاتدا کۆمەڵێکی تر لەناو سوپاکەی خەلیفە عەلی دەرکەوتوون دژی ئاشتی و شەڕ ڕاگرتن بوون. دوای ئەوەی شەڕەکە ڕاگیراوە ئەم گروپەی دواییان ملکەچیان بۆ حەلیفە پیشان نەداوە دروشمی "حوکم تەنیا بۆ خودایە" یان بەرزکردۆتەوە، لە ئەنجامی ئەم شەڕە و پاشان ڕاگرتنی، گروپی خەوارجەکان هاتوونەتەکایەوە (الشهرستانی، ١٩٩٣، ج١، ص ١٣٣-١٣٤).

سەبارەت بە ژمارەی جیابوونەوەی خەوارجەکان بیروبۆچونی جیاواز هەیە، هەندێك لە سەرچاوەکان بە (٤) چوار هەزار باسیان کردووە. بڕوانە(ابی فداء، ب.س، ص١٧٨)، هەندێکی تر بە (٨) هەشت هەزار باسیان کردووە. بڕوانە (المقدسی، ب.س، ج٥، ص ١٣٦)، بەڵام زۆرینەیان باسیان لەوە کردووە کە (١٢) دوازدە هەزار بوون. بڕوانە (الشهرستانی، ١٩٩٣، ج١، ص١٣٤، ابن الجوزی، المنتظم ،١٩٩٢، ج٥، ص١٢٤، ابن الاثیر، ١٩٨٧، ج٣، ص٢٠٢) کە لە سوپای خەلیفە عەلی جیابوونەتەوە و ڕۆشتوون بۆ ناوچەیەک بە ناوی حەروراء

(ابن الخياط، ١٩٩٥، ص١١٥). وەک دەگێڕنەوە خەلیفە هەوڵیداوە لەو کارەیان پاشگەزیان بکاتەوە، بۆیە داوای لێکردوون بگەڕێنەوە بۆ نێو ڕیزەکانی (المقدسی، ب.س، ج٥، ص١٣٦)، بەڵام ئەوان رازی نەبوون. بەم شێوەیە بزوتنەوەی خەوارج سەری هەڵدا و چالاکییەکانیان دژی خەلافەتی عەلی و پاشانیش خەلافەتی ئەمەوی دەست پێکردووە، ئەمەش یەکەمین بزوتنەوەی بەرهەڵستکاریی بووە لەناو خودی موسڵماناندا سەر هەڵبدات و بە درێژایی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلام کەوتوونەتە ململانێکردن لەگەڵ برا موسڵمانەکانیان.

## باسی سێیەم:هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی خەوارج

بێگومان دەرکەوتنی بزوتنەوەی خەوارج وەکو بزوتنەوەیەکی ئاینی و سیاسی تەنها پەیوەست نییە بە کێشەی دادوەری کردنەکەی نێوان عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب و موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیانەوە، بەڵکو سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك کێشە و ململانێ کە پێشتر ڕوویانداوە. هەرکەسێکیش بابەتیانە لە ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلام بکۆڵێتەوە دەزانێ جیابوونەوەی لە شکرێکی دوازدە هەزار کەسی لە عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب دەرئەنجامی کێشەیەکی کوتوپڕ و هەنووکەیی نەبووە، بەڵکو ڕەگ و ریشەکەی لەوە قوڵتر و کێشەدارتر بووە. لە سەرەتادا بە دەربڕینی ناڕەزایی دەستی پێکردووە، پاشان قوڵبوونەوەی کێشە ئابووری و سیاسیەکان ئاراستەی ناڕەزایی بەرەو یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە بردووە. بە جۆرێکی تر بڵێین ئاڵوگۆڕەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگەی ئیسلام ئاستی ناڕەزایی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو هەڵکشان بردووە، تا گەیشتۆتە ڕادەی تەقینەوە و پێکدا هەڵپژان (مصری، ٢٠٠٥، ل٢٧).

هەرچەندە هەندێ لە مێژوونووسان سەرەتای ئەم ڕەوتە دەبەنەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) وەك پێشتر باسمان کردووە، بەڵام ئەوەی زیاتر هۆکار بووە بۆ درووستبوونی ئەم بزوتنەوەیە کۆمەڵێك هۆکاری تر بوون، کە دوای وەفاتی پێغەمبەر(د.خ) ڕوویداوە. کە لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەدەین:

١. ڕووداوی سەقیفە: هەر لەگەڵ وەفاتی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) پشتیوانان لە سەقیفەی بەنی ساعدە کۆبوونەتەوە تاوەکو بەیعەت بە سەعدی کوڕی عوبادەی گەورەی خێڵی خەزرەج بدەن و ببێتە جێنشین (ابن قتیبة١٩٩٠، ج١، ص٢١-٢٢، الشامی، ابونصر، ٢٠٠٧، ص٥١)، عومەری کوڕی خەتاب ئەبوبەکری سدیقی لەم ڕووداوە ئاگادارکردۆتەوە (الطبری، ب.س، ج٢، ص٢٤٢، البجاوی، ابوفضل، ١٩٨٨، ص١٣٦)، عومەر تێی دەگەیەنێت و بە خێرایی ڕۆیشتوون بەرەو شوێنی کۆبوونەوەکەی پشتیوانان، لە ڕێگەش چاویان بە (ئەبوعوبەیدەی جەراح) هاوەڵی دیاری پێغەمبەر کە سەر بە پشتیوانان بوو دەکەوێت و لەگەڵ خۆیان دەیبەن (کحیلە، ب.س، ص٩٠-٩١). لە کاتی گەیشتنیان بە شوێنی کۆبوونەوەکە ئەبوبەکر وتارێك دەدات، لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە خزمەتەکانی پشتیوانان و کۆچکەران بۆ ئیسلام کردووە، دواتریش ئاماژەی بەوەکردووە، پێویستە جێنشینی پێغەمبەر لە قورەیش بێت، بەڵام هەندێك لە پشتیوانان دژی ئەم وتەیەی ئەبوبەکر وەستاونەتەوە، بۆیە پێداگریانکردووە لەسەر ئەوەی هیچ نەبێت ئەمیرێك لە پشتیوانان و ئەمیرێك لە کۆچکەران هەبێت (ابن القتیبة، ١٩٩٠، ج١، ص٢٤-٢٥). لەگەڵ ئەوەشدا ئاراستەیەك لە نێو پشتیوانان بە سەرکردایەتی بەشیری کوڕی سەعد، کە یەکێك بووە لە سەرکردە دیارەکانی خەزرەج دروستبووە، کەوتۆتە پشتیوانی و پشتگیری کۆچکەران، هەروەك سەرچاوەکان دەیگێڕنەوە ئەوەی وای لە بەشیر کردووە پشتگیری ئەوان بکات حەزی بە بە سەعدی کوڕی عوبادەی خزمی نزیکی خۆی و سەرکردەی هۆزەکەیان نەبووە (ابن شاکر الکتبی، ١٩٨٠، سفر١، ص٤٧٨-٤٨٨، العشماوی ، ١٩٩٢، ص١٠٢).

دواجار ئەوسیەکانیش کە یەکێك بوون لە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی شاری مەدینە بڕوایان وابووە کۆچکەران دەسەڵات بگرنە دەست بۆ ئەوان لە خەزرەجیەکان باشترە، بۆیە بڕیاریان داوە پشتگیری لە ئەبوبەکر و عومەر و ئەبوعوبەیدە بکەن(الطبری، ب.س، ج٢، ص٢٤٣). بەم شێوەیە هەوڵەکەی خێڵی خەزرەج بۆ دانانی سەرۆکەکەیان (سەعدی کوڕی عوبادە) بە جێنشین سەرکەوتوو نەبووە، ئەمەش بۆتە هۆی توڕەبوونی سەعدی کوڕی عوبادە، هەروەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە لە دوای ئەم ڕووداوەوە ئیدی سەعد بەشداری نوێژی

جەماعەتی نەکردووە، بە تەنیا حەجی کردووە، تا ئەوەی ئەبوبەکریش مردووە بەیعەتی پێنەداوە (ابن القتیبة،١٩٩٠، ج١، ص٢٧-٢٨)، زۆربەی ئامادەبووان لەگەڵ ئەوەبوون ئەبوبەکر ببێتە جێنشینی پیغەمبەر(د.خ)، سەرئەنجامی ئەمە ئەبوبەکر(١١_١٣ك) بووە بە یەکەمین جێنشینی پێغەمبەری خودا (ابن الاثير، ١٩٨٧، ج٢، ص١٩٤).

کێشەی جێنشینی بەمە کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو کێشەیەکی تر دروست دەبێت ئەویش کێشەی بەیعەتدانە بە ئەبوبەکر لەلایەن خودی بنەماڵەی پێغەمبەرەوە، کە عەلی کوری ئەبوتاڵیب سەرکردایەتیانی کردووە، ئەوان لەو کێشمە کێشەی نێوان پشتیوانان لەلایەك و ئەبوبەکر، عومەر و ئەبوعوبەیدە لەلایەکی دیکە بێئاگابوون و سەرقاڵی شۆردنی تەرمی پێغەمبەربوون، هەموو گێڕەرەوەکان و سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی بنەماڵەی پێغەمبەر بە هیچ شێوەیەك ئامادەی سەقیفەی بەنی ساعدە نەبوون و بێئاگابوون لەو کۆبوونەوەیە، بەڵکو سەرقاڵی شۆردن و ناشتنی تەرمی پێغەمبەربوون (سبحان،٢٠١٧، ل٧٢-٧٣).

سەبارەت بە بەیعەتدانی بنەماڵەی پێغەمبەر بە ئەبوبەکر بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، یەکێک لەو بۆچوونانە ئاماژەبەوە دەکات لە سەرەتاوە عەلی و بنەماڵەی هاشم بەیعەتیان بە ئەبوبەکر نەداوە، لەوکاتەدا زوبێری کوری عەوامیش پشتگیری لە عەلی کردووە، ئاماژەی بەوەکردووە تەنیا بە عەلی نەبێت بەیعەت بە کەسی تر نادەین، تا ئەوەی عومەر هاتووە ئەوانی ناچارکردووە بەیعەت بدەن (ابن الاثير، ١٩٨٧، ج٢، ص١٨٩). هەندێکی تر ئاماژەیان بەوەکردووە عەلی و بنەماڵەی هاشم و زوبیری کوڕی عەوامیش گەورە هاوەڵی پێغەمبەر بۆ ماوەی شەش مانگ بەیعەتیان بە ئەبوبەکر نەداوە تا ئەوکاتەی فاتیمەی کچی پێغەمبەر و خێزانی عەلی مردووە، ئەوکات بەیعەتیانداوە (ابي الفداء، ب.س، ج١، ص١٥٦). توێژەری هاوچەرخ (د.موحەمەد گەزنەی) باسی لەوەکردووە هاشمییەکان هەموویان لەگەڵ زوبێری کوڕی عەوام ئامادەی بەیعەتکردن نەبوون، چونکە هەموویان لە ماڵی حەزرەتی فاتیمە لای ئیمامی عەلی کۆبوونەتەوە، ئەبوسوفیان گەورەی بنەماڵەی ئومەوی هاتووە بۆلایان پێیانی وتووە، نابێت ئەبوبەکر ببێت بە خەلیفە، ئەوە میرات و پاشماوەی پێغەمبەرە، دەبێ ئەم کارە بۆ نەوەی عەبدولمەناف بێت، ئەو ئاگرە دەبێ بە خوێن بکوژێتەوە، بە ئیمامی عەلی وتووە: باوکی حەسەن دەستت درێژبکە با بەیعەتت بۆ بکەم تۆ خەلیفەی، بەڵام ئیمامی عەلی ڕووی خۆی لێ گرژکردووە و پێی وتووە: تۆ بۆ فیتنە دروستکردن وادەکەیت، تۆ بەحەیاتی خۆت هەر شەڕت بۆ ئیسلام ویستووە و پێویستمان بەچاکەی تۆنییە (٢٠٠٤، ل٦٠.٦١).

بەم شێوەیە دەبینین ململانێیەکی سیاسی و دونیایی لە منداڵدانی مێژووی ئیسلامدا سەری هەڵداوە، هەرچەندە لە کۆتایی ئەم ململانێیە ئەبوبەکر بووە بە یەکەمین خەلیفەی موسڵمانان، لەلایەن زۆربەی خەڵکی مەدینەوە بەیعەتی پێدراوە، بەڵام لەوکاتەدا هەندێك لە کەسە دیارەکانی ئەو سەردەمە بەیعەتیان پێنەداوە، لەوانە عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب، عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیب، سەعدی کوڕی عوبادە، زوبێری کوڕی عەوام، تەڵحەی کوڕی عەبدوڵا. عەلی لە دوای مردنی فاتیمە بەیعەتی پێداوە. سەعد هەتا مردیش بەیعەتی پێنەداوە. بۆیە بەبڕوای ئێمە ئەمە یەکەمین تۆوی دووبەرەکی بووە کە لە نێوان موسڵماناندا چەکەرەی کردووە.

٢ .کوژرانی عوسمان خەلیفەی سێیەمی موسڵمانان: کوژرانی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەففان بە یەکێک لەو ڕووداوە مەترسیدارانە دەژمێرێت، کە جیهانی ئیسلامی پێدا تێپەڕ بووە، چونکە لە ئەنجامی کوژرانی خەلیفەدا پشێوی و ئاژاوە لە نێو موسڵمانان و بە تایبەتی لە نێو هاوەڵانی پێغەمبەری ئیسلامدا (د.خ) هاتۆتەکایەوە، کە پەیوەست بووە بە کوژرانی ئەوەوە (العمري ، ٢٠٠٧، ص٤١٣).

سەرەتای کێشە و پشێوییەکان لە سەردەمی خەلیفە عوسمانەوە لە کوفە و میسرەوە سەریان هەڵداوە، دواتر شێوەیەکی فراوانی وەرگرتووە، سەرەتای کێشەکانیش لە کوفە بەم شێوەیە بووە، هەروەک طەبەری ئاماژەی بۆ کردووە، سەعدی کوڕی عاس والی کوفە لە کۆڕێکی گەورە پیاوانی کوفەدا وتوویەتی ئەم سەوادە باخی قورەیشە، مالکی ئەشتەر کە یەکێک بووە لە گەورە پیاوانی کوفە وەڵامی داوەتەوە بە بڕوای تۆ ئەم سەوادە کە خوداوەند بەهۆی شمشێرەوە کردوویەتییە دەستکەوتی ئێمە، باخی تۆ و خەڵکەکەتە؟ سوێند بەخوا هەرکەس لە ئێمە وەکو ئێوە لە سەواد بەشی خۆی هەیە، ئەوانەی لە کوفەییەکان لەوێ دانیشتبوون قسەکانی ئەویان دووبارەکردۆتەوە. عەبدولڕەحمانی ئەسەدی

سەرکردەی پاسەوانەکانی سەعید بەرپەرچی داونەتەوە، مالکی ئەشتەریش فەرمانی کردووە لە عەبدولڕەحمان بدەن، تا ئەوەی بێهۆشیان خستووە، ئەمەش وای لە سەعیدی کوڕی عاس کردووە سوێند بخوات کەس لەوان نابێت بێن بۆلای سەعد و لە پەنای دابنیشن، بۆیە ئەوانیش دواتر کەوتوونەتە دژایەتی والی و قسەی نەشیاویان بە عوسمانی کوڕی عەففان و سەعیدی کوڕی عاس داوە. خەڵکیان لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە، تاوای لێهاتووە ژمارەیان زۆر بووە. ئەمەش وای لە سەعید کردووە نامە بۆ خەلیفە عوسمان دەربارەی ئەمانە بنێرێت، تا ئەوەی ماوەیەک دووری خستوونەتەوە بۆ ناوچەکانی شام (الطبری، ب.س، ج٢، ص٦٣٧).

(سیوط)یش ناڕەزاییەکانی لە میسر بەم جۆرە ئاماژەی پێکردووە خەلیفە عوسمان (عەبدوڵا کوڕی سەعدی ئەبی سرح)ی کردووە بە والی میسر چەند ساڵێك لەوێ حوکمی کردووە، خەڵکی میسر بە هۆی نارازیبوونیان لێی سکاڵای ئەوەیان کردووە ستەمی لێکردوون، خەلیفە عوسمانیش نامەیەکی هەڕەشەی بۆ عەبدوڵا ناردووە، بەڵام ئەو گوێی نەداوە بەو هەڕەشانە، تەنانەت هەندێ لەوانەی ڕۆشتبوون بۆلای خەلیفە لێیدابوون، ئەم هەڵسوکەوتەی عەبدوڵا وایکردووە جارێکی تر نزیکەی حەوت سەد کەس ڕۆشتوون بۆ مەدینە و ڕوویان لە مزگەوت کردووە، سکاڵایان بردۆتە لای هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ)، کە عەبدوڵای والی میسر چیلێکردون. ئەمە وای لە تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵا کردووە بە توندی قسە لەگەڵ خەلیفەدا بکات. لەم کێشەیەشدا عایشەی خێزانی پێغەمبەر(د.خ) ئاگادارکراوەتەوە، ڕۆشتووە بۆلای خەلیفە عوسمان ئەوەی پێڕاگەیاندووە پیاوانێک لە هاوەڵانی موحەمەد (د.خ) هاتوون بۆلات و داوای لابردنی عەبدوڵات لێدەکەن، کەچی تۆ لای نابەیت، ئەوان کەسێکیان لێ کوژراوە دەبێت بە ویژدان بیت بۆ کارگوزارانت. عەلی کوڕی ئەبوتالیبیش وەک هاوەڵێک چووە بۆلای و پێی وتووە: تەنها داوای ئەوەت لێدەکەم پیاوێك لە شوێنی پیاوێکی تر دابنرێت، بۆ ئەمەش دادوەری لە نێوان والی و خەڵکەکەت بکە. ئەگەر حەق بەسەر والیەکەتدا سەرکەوت بۆیان وەربگرە، خەلیفە ئاماژەی بەوەکردوە کەسێکی تر هەڵدەبژێرم بۆ جێگاکەی، خەڵکی ئاماژەیان بۆ موحەمەدی کوڕی ئەبوبکری سدیق کردووە، لەسەر داوای خەڵکی خەلیفە عوسمان نامەیەکی نووسیووە تێیدا ئاماژەی بە والی بوونی موحەمەد لە میسر کردووە. بەمەش خەڵکی میسر لای خەلیفە عوسمان ڕۆشتوون و ڕوویان لە میسر کردۆتەوە، ڕۆشتوون تا گەشتوونەتە جێگایەک بە سێ ڕۆژ ڕێگا لە مەدینەوە دوورە، لەم شوێنە سوارێك دەبینن زۆر بە خێرای دەڕوات (السیوطي،٢٠٠٣، ص١٢٦-١٢٧)، بۆیە ئەوانیش گرتویانە، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە ئەم کەسە کۆیلەی خەلیفە عوسمان بووە، ئەو وشترەشی پێبووە لە وشترەکانی خەلیفە بووە، نامەیەکی مۆرکراوی بە مستیلەکەی خەلیفەش مۆرکراوە. نامەکەیان کردۆتەوە دەبینن فەرمانی کوشتنی چەند کەسێك و لێدانی چەند کەسێکی تری تیادا نووسراوە، کاتێك خەڵکی میسر ئەمەیان بینی گەڕاونەتەوە بۆ مەدینە (المقدسی، ب.س، ج٥، ص٢٠٣-٢٠٤). خەلیفە عوسمان سوێندی بۆ خواردون ئەو نامەی وای نەنووسیووە، هیچ ئاگاداری نامەی وا نییە. میسریەکان ئاماژەیان بەوەکردووە کەواتە کێ ئەو نامەیەی نووسیوە ؟ لە کاتێکدا کۆیلە و وشتر و مۆرەکەش هی تۆیە، بەمەش میسریەکان بە توندی لەگەڵ خەلیفە عوسمان قسەیان کردووە، هەتا داوای دەست لە کارکێشانەوەیان لێکردووە، بە حوکمی ئەوەی خەلیفە بێ ئاگایە لە ئیشوکارەکان (ابن القتیبة،١٩٩٠، ج١، ص٥٥-٥٦)، بەڵام خەلیفە عوسمان دەستهەڵگرتنی لە خەلافەت ڕەتکردۆتەوە ئاماژەی بە وتە بەناوبانگەکەی کردووە: ئەو کراسەی خودا لەبەری کردووم دایناکەنم (ابن الاثیر، ١٩٨٧، ج٣، ص٦٠)، ئەمەش ئاماژە بووە بەو وەسیەتەی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بۆی کردووە. ئەم هەواڵە بە کوفەیی و بەسرەیەکانیش گەیشتووە، پێکەوە ڕۆیشتوونەتەوە بۆ مەدینە، بۆیە خەڵکی کوفە و بەسرە و میسر کە هاتبوون بۆ ناڕەزایی لە دەست والیەکانی خەلیفە عوسمان بەردەوام بوون لە دژایەتیکردنی خەلیفە، بۆیە گەمارۆیان خستۆتە سەر ماڵی خەلیفە عوسمان، لەم کارەیان بەردەوامبوون تاوەکو خەلیفەیان کوشتووە (الطبری، ب.س، ج٢، ص٦٨٩)، ئەمەش یەکەمین خەلیفەی موسڵمانان بووە، کە بە دەستی موسڵمانان خۆیان بکوژرێت.

٣. جەنگی جەمەل ٣٦ک: ئەگەر یەکەمین چەخماخەی کێشەکان لە سەقیفەوە دەستی پێکردبێت و یەکەمین ئاڵۆزی و خوێنڕشتن لە کوژرانی خەلیفە عوسمانەوە دەستی پێکردبێت، ئەوا ئەتوانین بڵێین یەکەمین جەنگی ناوخۆی موسڵمانان جەنگی جەمەلە، کە لە سەردەمی

خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبوتاڵیبدا ڕوویداوە. ئەم جەنگە لە نێوان خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب و لایەنگرنی لەلایەك و تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵا و زوبێری کوڕی عەوام لەگەڵ عایشەی دایکی موسڵمانان لەگەڵ لایەنگرانی لەلایەکی ترەوە بوون. توێژەرێکی هاوچەرخ ئەم جەنگە بە کێشەیەکی سیاسی وەسف کردووە، پێی وایە شەڕی دەسەڵات بووە لەسەر کورسی جێنشینایەتی (عمارة، ٢٠٠٤، ص٦٢-٦٣). شەڕەکەش بەم شێوازە دەستی پێکردووە هەر لە سەرەتایی خەلافەتی عەلی ئەوانەی ڕابەرایەتی بەرەی دەرچووانی خەلافەتی عەلی بوون سوپایەکی گەورەیان لە مەکەوە ڕێکخستووە، دوای گفتوگۆی نێوانیان سوپاکەیان بە ئاڕاستەی بەسرە بەڕێکردووە (ابن الطقطقا، ب.س، ص٨٥-٨٦، المظفری، ١٩٨٩، ص١٧٢-١٧٣)، لە کاتی گەیشتنیان بەو شارە لە ماوەیەکی کەمدا لایەنگرانی خەلیفە عەلی لەو شارە شکستیان خواردووە و شارەکەیان لە دەست دەرهێنراوە (المسعودی، ١٩٨٨، ج٢، ص ٢١٣، ابی فداء: ب.س، ج١، ص١٧٣). ئەم هەواڵە بە خەلیفە دراوە، بۆیە بەو سوپایەی کە بۆ هێرشکردنە سەر موعاویە لە شام ئامادەی کردووە، بە هاوکاری خەڵکی شاری مەدینە و کوفە بەرەو بەسرە ڕۆشتووە (ابن الجوزی: المنتظم، ١٩٩٢ ،ج٥، ص ٨٠-٨٥)، هەرچەندە لە سەرەتاوە خەلیفە عەلی هەوڵیداوە ئاشتیان لەگەڵ بکات، بەڵام هەوڵەکەی بێسوود بووە، بۆیە شەڕ لە نێوانیاندا ڕوویداوە (الطبری، ب.س، ج٣، ص٢٩-٣١)، دوای جەنگێکی توند و خوێناوی تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵا وەک یەکێک لە سەرکردەکانی بەرەی دژ بە خەلیفە کوژراوە (الیعقوبی،٢٠١٠، ج٢، ص٨٠-٨١، القلقشندی، ب.س، ج١، ص١٠٢)، زوبێری کوڕی عەوامیش لە ژێرکاریگەری وتەکانی خەلیفە عەلی جەنگەکەی بە جێهێشتووە، دواتر لەلایەن پیاوێکی دەشتەکییەوە کوژراوە (ابن ابی الحدید، ٢٠٠٧، ج١، ص١٥٠، ابن طقطقا، ب.س، ص٨٧)، عایشەی کچی ئەبوبەکریش کە لە گۆڕەپانی جەنگەکەدا بە سواری وشترەکەیەوە بەژداری جەنگەکەی کردووە، خۆی ڕادەستی سوپاکەی خەلیفە عەلی کردووە (ابن کثیر ،١٩٩٧، ج١٠، ص ٤٦٨).

سەبارەت بە کوژرانی سەربازانی هەردوولا چەند بۆچوونێکی جیاواز هەیە، زۆرێك باسیان لە دە هەزار کوژراو لە هەردوولا کردووە، پێنج هەزار لە سوپاکەی خەلیفە عەلی و پێنج هەزاریشیان لە سوپاکەی تەڵحە و لایەنگرانی بووە، وتراویشە هەژدە هەزار لە هەردوولا کوژراوە، سیازدە هەزار لە سوپاکەی تەڵحە و لایەنگرانی، پێنج هەزار لە سوپاکەی خەلیفە عەلی، باسیش لە حەوت هەزار کوژراو لە سوپاکەی تەڵحە و لایەنگرانی کراوە، وتراویشە حەڤدە هەزار، هەروەها نزیکەی هەزار کەسیش لە سوپاکەی خەلیفە عەلی کوژراوە، لە بۆچوونێکی تردا باس لە کوژرانی بیست هەزارکەس لە هەردوولا کراوە، باسیش لە کوژرانی حەڤدە هەزار لە سوپاکەی تەڵحە ولایەنگرانی و پێنج هەزار لە سوپاکەی عەلی کراوە. لە کۆی گێڕانەوەکان ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە زۆرترین کوژراو لە سوپاکەی تەڵحە و لایەنگرانی بووە، کەمترین کوژراویش لە هەردوولا دەهەزار بووە. ئەمە لە کاتێکدا بووە ژمارەی سەرجەم جەنگاوەرانی هەردوولا لە شەڕەکەدا پەنجا هەزار بووە، بیست هەزاریان لە سوپاکەی خەلیفە عەلی و سی هەزاریان لە سوپای بەرامبەر بووە ( بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژمارەی سەربازان و کوژراوانی هەردوولا بڕوانە (کانبی، سبحان، ٢٠١٩، ل ٦٦)

٤. جەنگی سەففەین٣٧ک : وەک پێشتر باسمان لێوەکردووە ئەم جەنگە لە نێوان خەلیفەی چوارەمی ڕاشدین عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب و موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان والی شام، لە ناوچەی سەففەین نزیک ئاوی ڕووباری فورات ڕوویداوە (البلاذری، ١٩٩٦، ج٣، ص ٨١-٨٢). نزیکەی (٢١٠٠٠٠) دووسەد و دە هەزار سەرباز تێیدا بەشداریانکردووە، بەجۆرێک ژمارەی سەربازانی خەلیفە سەدوبیست هەزاربووە و، ژمارەی سەربازانی والی شامیش نەوەد هەزار بووە (المقدسی،ب.س، ج٥، ص٢١٧، ابن العدیم، ١٩٩٦، ج١، ص٥٤). پاش جەنگێکی خوێناوی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک، نزیکەی حەفتاهەزار سەرباز لە هەردوولا کوژراون (المسعودی، ١٩٨٨، ج٢، ص ٢٠٦، ابن دحیة الکلبی، ١٩٩٨، ص٦٩). سەرچاوەکان ئاماژە بە سەرکەوتنی سوپای خەلیفە دەکەن، بەڵام پێش یەکلابوونەوەی تەواوەتی جەنگەکە لە بەرژەوەندی خەلیفە عەلی، موعاویە و لایەنگرانی بیرۆکەی هەڵکردنی قورئان بۆ وەستانی شەڕەکەیان بەکارهێناوە، دوای ئەوەی کردویانەتە نووکی ڕمەکانیان و بەرزیان کردۆتەوە (ابی الفداء، ب.س ، ج١، ص ١٧٦-١٧٧). بۆ وەستانی شەڕەکە یان درێژەپێدانی لایەنگرانی خەلیفە دووبەرەکیان تێکەوتووە، هەندێک لەگەڵ وەستانی شەڕبوون، هەندێکی تر دژی بوون، دوای گفتوگۆ ئەو ڕایە وەرگیراوە، کە لەگەڵ وەستانی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

شەڕ بووە (ابن الاثیر، ١٩٨٧، ج٣، ص١٩٣-١٩٤، ابن کثیر،١٩٩٧، ج١٠، ص٥٤٤-٥٤٦)، بەمەش ئەوانەی لەگەڵ بەردەوامی شەڕ بوون ناڕەزاییان دەربڕیووە، بۆیە دروشمە بەناوبانگەکەیان "هەڵبڕیوە حوکم تەنیا بۆ خودایە" (ابن الجوزي، المنتظم، ١٩٩٢، ج٥، ص١٢٤، المقدسي، ب.س، ج٥، ص٢٢١-٢٢٢)، پێیان وابووە دەبێت شەڕەکە بەردەوام بێت تاوەکو لایەک بەسەر لاکەی تردا سەردەکەوێت، بەمەش خودا خۆی بڕیاری خۆی دەدات نەک مرۆڤەکان، دواجار ئەمانە بڕیاری جیابوونەوەیان لە سوپاکەی خەلیفەداوە. دوای جیابوونەوە و ڕۆشتنیان بۆ ناوچەی حەروراء، ناوی خەوارج بەسەریاندا دابڕاوە (الشهرستانی،١٩٩٣، ج١، ص١٣٣).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کێشە و ململانێکانی نێو جیهانی ئیسلامی لە پێشتردا هەلی بۆ ئەوە ڕەخساندووە و بارودۆخی بۆ ئەوە فەراهەم کردووە، هەر دەبێت گروپێکی لەم شێوەیەی خەوارج لە هەناوی ئەوکێشانەی ڕابردووەوە بێتە دەرەوە. ئەگەر جەنگی سەففەین بە هۆکاری ڕاستەوخۆی دروستبوونی خەوارج بزانین، ئەوە بێگومان چەندین هۆکاری ناڕاستەوخۆ هەبووە و زەمینەسازی کردووە بۆ دروستبوونی گروپێکی لەم شێوەیە، تۆوی ئەم کێشانە لە سەقیفەی بەنی ساعیدەوە چێنراوە، لەسەردەمی خەلیفە عوسمان ئەم تۆوە گەشەی کردووە، بە جۆرێک بە کوژرانی خەلیفە ئیدی تۆوی دووبەرەکی بەری گرتووە، تا ئەوەی لە سەردەمی خەلیفە عەلی کاتی چنینی بەرەکەی بووە، بۆیە بە دروستبوونی جەنگی جەمەل و پاشان جەنگی سەففەین بەری تۆوی کێشەکان خەوارجی لێ بەرهەم هاتووە.

## باسی چوارەم: گرنگترین گروپە سەرەکییەکانی خەوارج و هەندێک لە بیر و باوەڕەکانی ئەو گروپانە

شتێکی سروشتییە خەوارجەکانیش وەک هەر گروپێکی تری ئاینی، دوای دروستبوونیان بیروبۆچوونی جیاواز لە نێویاندا دروست بووە، بەهۆی ئەو جیاوازیەش لە بیروبۆچوونیان وردە وردە ڕووبەڕووی پەرتەوازەی و دروستبوونی گروپی جیاوازبوونەتەوە، هەریەک لەوگروپانەش بە ناو و سیفاتی جیاواز ناسراون، جا بە ناوی سەرکردەکەیانەوە بووبێت یان بەناوی ئەو شوێنەی لێی ژیا بن و چالاکیان تێدا ئەنجام دابێت. لە خوارە باس لە گرنگترین گروپەکان و هەندێک لە بیروباوەڕەکانیان دەکەین:

١. حروریە: وەك لە سەرەتاوە ئاماژەی پێکراوە ئەوانە بوون کە بۆ یەکەمجار لە سوپاکەی خەلیفە عەلی جیابوونەتەوە و ڕۆیشتوون بۆ ناوچەی حرورییەی نزیکی شاری کوفە (النوبختي، ١٩٩٢، ص١٩).

لە بیروباوەڕەکانیان: مەرج نییە خەلافەت تەنها لە قورەیش بێت، دەکرێ جگە لە قورەیش کەسێکی تر بێت. وتوویانە دەکرێت لە دوونیادا خەلیفە هەر نەبێت، ئەگەر پێویستی کرد دەکرێت بەندەیەکیش بکرێت بە خەلیفە، ئاماژەیان بەوەکردووە عەلی لەکاتی دادوەرییەکەدا هەڵەی کردووە، مرۆڤی لە جیاتی خودا کردووە بە حاکم، ئەمەش نابێت، چونکە تەنها خودا حاکمە (الشهرستانی،١٩٩٣، ج١، ص١٣٤).

٢. ئەزاریقە: دەگەڕێنەوە بۆ ناوی نافعی کوڕی ئەزرەق (المقدسی، ب.س، ج٥، ص١٣٨)ئەم گروپەیان یەکێکە لە توندڕەترین گروپەکانی خەوارج، تەکفیری خەلیفە عەلییان کردووە، بەوەشەوە نەوەستان بەڵکو تەکفیری خەلیفە عوسمان و تەڵحە و زوبێر و عایشە و عەبدوڵای کوڕی عەباس و ئەو موسڵمانانەی لەگەڵیاندا بوون کردووە، پێیان وابووە ئەهلی جەهەنەمن، تەکفیری ئەو کەسانەشیان کردووە کە نەچوون بۆ شەڕ دژی موسڵمانان. حەڵاڵکردنی کوشتنی ژن و منداڵی سەرپێچیکار. پێیان وابووە ئەو منداڵانەی باوکیان کافرە لەگەڵ باوکیاندا ئەهلی جەهەنەمن، بڕوایان بە تەقیە نەبووە بەشتێکی ناجائیزیان داناوە (الشهرستانی،١٩٩٣، ج١، ص١٣٩-١٤٠).

٣. نەجدیە: ئەمانە شوێنکەوتەی پیاوێکی خەوارج بە ناوی نەجدی کوڕی عامر بوون(النوبختی، ١٩٩٢، ص٢٣)، شەهرستانی ئاماژەی بەوەکردووە ئەمانە پێیان وابووە دەبێ تەقیە لە وتە و کرداردا هەبێت (١٩٩٣، ج١، ص١٤٠). ئەمانە پێشتر شوێنکەوتەی نافعی کوڕی ئەزرەق بوون دواتر لێی جیابوونەتەوە(المقدسی، ب.س، ص١٣٩)، بە هۆکاری ئەوەی کە بۆیان ڕوون بوویەوە نافع بڕیاری کوشتنی ژن و

منداڵەکانیانی داوە، ئیدی لە نێو خۆیاندا نەجدی کوڕی عامریان کردۆتە گەورەی خۆیان و لە نافعی کوڕی ئەزرەق جیابوونەتەوە (الشهرستانی، ١٩٩٣، ج١، ص١٤٢١-١٤٢).

٤. سەفاریە: ئەم گروپەشیان بەناوی سەرکردەکەیانەوە ناونراوە، کە ناوی زیادی کوڕی سەفار بووە، لە بیروباوەڕەکانیان، ئەوکەسەی گوناح دەکات کافرە، کافربوونی ئەوکەسەش لەسەر بڕیاری ئیمامە (البغدادی، ٢٠٠٨، ص٩٤).

٥. ئەبازیە: ئەمانە شوێنکەوتەی عەبدوڵای کوڕی ئەباز بوون، هەروەک نەجدیەکان لە ئەزاریقەکان جیابوونەتەوە، ئەم گروپە نوێیەیان پێکهێناوە(حاجی، ٢٠٠٧، ل٣٦)، لە دیارترین باوەڕەکانیشیان، باوەڕیان وابووە لە ڕۆژی دوایدا خودا نابینن، بەڵام باوەڕیان بە لێپرسینەوەی ڕۆژی دوای هەبووە، باوەڕیان بە کورتکردنەوە و لە یەکدانی نوێژەکان بووە(ئەنوەر، ٢٠٠٩، ب١، ل١٦٦) هاوسەرگیری و میراتگریان لەگەڵ موسڵمانانی تر بە ڕێگەپێدراو زانیووە، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی موسڵمانانی جیاواز لە خۆیان بە ماڵی یەکتاپەرستی ناوبردووە، نەبە دارولکوفر یان دارولشەڕ ناو نەبردووە، ئەگەر شەڕیشیان لەگەڵ بکرێت دەبێت بە ئاشکرابێت، نەک شاراوە و بە دزییەوەبێت(المودودی، ١٩٧٨، ص١٤٤).

٦. عەجاردیە: ناوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ناوی عەبدولکەریمی کوڕی عەجرەد، لە بیروباوەڕەکانیان پێیان وابووە منداڵ هیچ شتێکی لەسەر نییە، تاوەکو بانگ دەکرێت بۆ ئیسلامەتی و بێ تاوانە لە وەی دەیکات، جیاوازی ئەوەیان هەبووە لەگەڵ ئەزارقە کە ئەزاریقە ماڵ و سامانی دوژمنەکانیان حەڵاڵ کردووە، بەڵام عەجاردە پێیان وابووە دەبێت خاوەنی ئەو ماڵ و موڵکە بکوژرێت، ئەوکات ماڵەکەی حەڵاڵە (البغدادی، ٢٠٠٨ ، ل٩٦). پێیان وابووە کۆچکردن فەرزنییە، بەڵکو سوونەتە، هەرکەس گوناهە گەورەکان بکات کافرە، سورەتی یوسف بەشێك نییە لە قورئان، چونکە ڕەوانییە لە دیندا باسی چیرۆکی خۆشەویستی بکرێت (الشهرستانی،١٩٩٣، ج١، ص١٤٨).

٧. حەمزیە: ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ حەمزەی کوڕی ئەکرەك، لە بیروباوەڕەکانیان ئەوکەسانەیان بە کافر داناوە پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەوان بێت، پێیان وابووە منداڵی بێباوەڕان لەناو ئاگردان، هەروەها لە کاتی دەستگرتن بە سەر ماڵ و سامانی دوژمندا ماڵەکەیان سوتاندووە و دیلەکانیشیان کوشتووە(البغدادی، ٢٠٠٨، ص٩٩).

٨. سەڵتیە: ناوی ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ ناوی عوسمانی کوڕی سەڵت، پێشتر بەشێك بوون لە عەجاردەکان، هەرکەس ئیسلام بووایە شەڕیان لەگەڵ نەکردووە، وازیان لە منداڵەکانیان هێناوە، تاوەکو باڵغ دەبوون دواتر بانگیان کردون بۆ ئیسلام(الشهرستانی، ١٩٩٣، ج١، ص١٢٩).

٩. مەیمونیە: ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ مەیمونی کوڕی خالد، پێشتر بەشێك بوون لە عەجاردەکان، بەڵام هەندێك جیاوازیان لە بارەی خێرو شەڕەوە هەبووە، بۆیە ئەمانە پێیان وابووە خودا بەس خێری دەوێت، ئەمر بە شەڕ ناکات، واتا پێیان وابووە تەنها کارە چاکەکان لەلایەن خواوەندەوە دێت (ن.م،١٩٩٣ ،ج١، ص١٤٩).

ئەمانەی لەسەرەوە باس کراوە هەندێک لەوگروپ و تاقمانەی خەوارج بوون، کە هەر لە دوای جیابوونەوەیان لە خەلافەت جیاوازی لە نێوانیاندا دروست بووە، هەر تاقمە و بوون بە خاوەنی بیروبۆچوونی تایبەت بە خۆیان، لە ئەنجامی ئەم جیاوازی بۆچوونەش، بەردەوام گروپ و دەستە و تاقمی تریان لێ دروست بووە، کاتێک کەسایەتیەکیان بۆ چوونێکی جیاوازی هەبووایە، هەوڵیداوە لایەنگیر بۆ خۆی

دروستبکات و جیابێتەوە لە گروپەکەی تر، هەر بۆیەش ناوی گروپەکەش بەندبووە بەناوی ئەو کەسایەتییەوە، کە گروپەکەی دامەزراندووە.

## بەشی دووەم: کاریگەری سەرهەڵدان و دروستبوونی خەوارجەکان لەسەر خەلافەتی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب

## باسی یەکەم: کاریگەری سەرهەڵدان و دروستبوونی خەوارجەکان لەسەر سوپاکەی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب

وەک لە سەرەتاوە باسمان کردووە، لە ئان و ساتی شەڕی سەففەین، خەوارجەکان لە خەلیفە عەلی جیابوونەوە و ڕۆشتوون بۆ ناوچەی حەروراء، لەوێدا خۆیان ڕێکخستووە، سەرکردەی سەربازی و پێش نوێژیان بۆخۆیان داناوە(ابن الجوزی: المنتظم، ١٩٩٢، ج٥، ص١٢٣-١٢٤). یەکێک لەو دروشمانەی لەوێدا بانگەشەیان بۆ کردووە ئەمرکردن بە چاکە و ڕێگرتن لە خراپە بووە(الطبری، ب.س، ج٣، ص١١٥). خەلیفە عەلیش لە دوای شەڕەکە لەگەڵ سوپاکەی گەڕاوەتەوە ناو کوفە(ابن الاثیر،١٩٨٧، ج٣، ص١٩٧).

خەلیفە عەلی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابووە، ئەمانەی تا دوێنێ دۆست و هاوەڵی بوون و بۆی دەجەنگان بیان گێڕێتەوە بۆ ناو ڕیزەکانی خۆیی، تێیان بگەیەنێت ئەوەی ئەو کردویەتی لە پێناو موسڵمانان بووە، نەک لە پێناو بەرژەوەندیەکی تایبەتی خۆیی، ئەوەش ئەوان گرتویانەتەبەر کارێکی هەڵەیە. بۆ ئەمە عەبدوڵای کوڕی عەباسی کوڕەمامی ناردۆتە لایان، تاوەکو قسە و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، عەبدوڵا چەند ڕۆژێک لە ناویاندا ماتەوە و قسەی بۆ کردون، دەوترێت توانی نزیکەی(٤) چوار هەزاریان ڕازی بکات و بیانگێڕێنێتەوە ناو ڕیزەکانی لایەنگرانی خەلیفە عەلی. بڕوانە (البلاذری، ١٩٩٦، ج٣، ص١٢٢، ابن کثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص٥٦٧)، بەڵام ئەوانی تر ئامادەنەبوون بگەڕێنەوە لە ناوچەی حەروراء ماونەتەوە. خەلیفە بێ هیوا بووە لە گەڕانەوەیان، بۆیە ئەوەی پێڕاگەیاندون، ئێمە ڕێگەی مزگەوتان لێناگرین، ئازادن لە هاتووچۆکردنی، لە هەمان کاتدا ئەو مافە بە خۆمان نادەین شەڕتان لەگەڵ بکەین، مەگەر ئێوە شەڕ دژی ئێمە دەست پێبکەن(ابن کثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص٥٧٠).

لە دوای ئەو ڕووداوەوە خەلیفە عەلی هەوڵیداوە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی لەگەڵ موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان، نووێنەری خۆی بنێرێت بۆ کۆبوونەوەی دوو دادوەریەکە، ئەمەش لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی٣٧ك بووە، هەروەك لە شەڕی سەففەین لەسەری ڕێکەوتبوون، خەلیفە لای خۆیەوە کۆمەڵێک پیاوی ناردووە، موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیانیش لەلایەن خۆیەوە کۆمەڵێک پیاوی خۆی ناردووە، بۆ ئەوەی ئاگاداری بارودۆخەکەبن(الدینوری، ب.س، ص١٩٥-١٩٦). خەلیفە عەلی لای خۆیەوە ئەبومووسای ئەشعەری وەک ناوبژیوان و موعاویەش عەمروی کوڕی عاصی دیاری کردووە(ابن مزاحم، ١٩٩٠، ص٥١١)، شوێنی دوو ناوبژیوانەکەش ناوچەی دومەل جەندەل بووە، کە دەکەوێتە نێوان مەککە و کوفە و شام (المقدسی، ب.س، ج٥، ص٢٢٧).

لە کاتی بەیەکگەشتنی هەردوولا، ڕاوێژ لە نێوانیان دروست بووە، پاش گفتوگۆیەکی زۆر سەر ئەنجام هەردوو دادوەرکە ڕازی بوون، کە هەریەکە لە عەلی و موعاویە لە سەر کار لاببەن، دواتر عەمرو بە ئەبوموسای وتووە: قسەی خۆت بکە. هەر چەندە عەبدوڵای کوڕی عەباس ئاگاداری کردۆتەوە لە وەی کە عەمرو کەسێکی فێڵبازە و فریوی دەدات، با ئەو لە پێشەوە قسە بکات، بەڵام لەبەرئەوەی ئەبومووسا کەسێکی سادە بووە پێی وتووە: ئێمە ڕێککەوتوین، فێڵم لەگەڵ ناکات(ابن الطقطقا، ب.س، ص٩٢-٩٣)، ئەبومووسا کەوتۆتە قسەکردن و ڕایگەیاندووە: ئێمە ڕێکەوتین لەسەر لابردنی هەریەکە عەلی و موعاویە، ئەوا من عەلی و موعاویەم لەسەرکار لابرد. کاتێك نۆرەی عەمرو هاتووە ئاماژەی بەوەکردووە ئەی خەڵکینە ئێوە گوێتان لە ئەبوموسا بوو فەرمانڕەواکەی واتا خەلیفە عەلی لەسەر کار لابرد، ئەوا منیش فەرمانڕەوا و سەروەری ئەوم لەسەر کارلابرد و گەورە و سەروەری خۆم موعاویە دەهێڵمەوە، چونکە ئەو شیاوترە و خاوەنی خوێنی خەلیفە عوسمانیشە، بۆیە لایەنگرانی خەلیفە کەوتوونەتە سەرزەنشتکردنی ئەبومووسا، ئەبومووساش بە عەمروی وتووە: خوا بەختەوەرت نەکات بۆ ئەو کارەی کردت، لەم کاتەدا ئەبوموسا تورە دەبێت، عەمرو بە سەگ دەشوبهێنێت. عەمروش ئەبومووسا بە چوارپێ دەشوبهێنێت (ابن الاثیر، ١٩٨٧، ج٣، ص٢١٢).

سەر ئەنجام هەردوولا ڕێکنەکەوتوون، کاتێك هەواڵی کۆبوونەوەکەی دوو دادوەرەکە گەیشتۆتە لای خەوارجەکان هەروەک گێڕدراوەتەوە

زیاتر توند و تیژتربوون دژی خەلیفە عەلی، بۆ ئەمە دوو کەسیان بە ناوەکانی زرعەی کوڕی بروج و حەرقوصی کوڕی زوهێری سعدییان ناردووە بۆلای خەلیفە عەلی، بە خەلیفەیان ڕاگەیاندووە حوکم تەنها بۆ خودایە و تۆ مرۆڤت کردۆتە دادوەر، خەلیفە عەلیش وتوویەتی بەڵێ حوکم تەنها بۆ خودایە، حەرقوص وتویەتی: دەبێت تۆبە بکەیت لەوەی ئەنجامت داوە، بڕیاری شەڕ بدەین لەگەڵ دوژمن، تاوەکو خودا یەکێکمان سەر دەخات بەسەر ئەوی تردا، بەڵام خەلیفە عەلی وتویەتی نێوانی ئێمە و ئەوان قورئانە. دوای ئەو وتووێژانە نە عەلی توانیویەتی ئەوان ڕازی بکات، نە ئەوانیش توانیویانە کارێک بکەن خەلیفە بڕوا بە قسەکانیان بهێنێت (الطبری، ب.س، ج٣، ص١١٣-١١٤). ئەم ڕێکنەکەوتنەی نێوان خەلیفە و خەوارجەکان کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر پەیوەندیەکانی هەردوولا، چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەیوەندیەکانیان ئاڵۆزتر بووە، وەک سەرچاوەکان بۆیان باسکردووین کاتێك خەلیفە عەلی لە ڕۆژی هەینی دا وتاری داوە خەوارجەکان ڕۆیشتوونەتە نێو مزگەوت و قسەیان پێ بڕیووە و دروشمی حوکم تەنیا بۆ خودایان بەرزکردۆتەوە(ابن الجوزي، المنتظم، ١٩٩٢،ج٥، ص١٣٠).

دەبینین خەلیفە عەلی زۆر بە سەبر و ئارام بووە بەرامبەر خەروایجەکان، بە جۆرێک چاوپۆشی لە هەموو ئەو سوکایەتییە کردووە بەرامبەری کراوە و پشتگوێی خستووە، هەروەک گەورە کۆمەڵناسی عێراق عەلی وەردی ئاماژەی بەوەکردووە، ئەگەر سەیری هەڵسوکەوت و ڕەوشتی خەلیفە عەلی بەرامبەر خەوارجەکان بکەین و بکۆڵینەوە، بێباوەڕیان دەکرد و لە بەرامبەر خۆیدا قسەیان پێوتووە، پیلانیان دائەنا لە ناوی بەرن، کەچی عەلی چاوپۆشی دەکرد لە هەموو ئەو کارانە، بۆ ئەوەی بەڵکو بە خۆیاندا بچنەوە و بگەڕێنەوە سەر ڕێگەی ڕاست و بە ئاگابێنەوە(الوردي ، ١٩٩٤، ص١٨٠). هەرئەمەش وایلێکردووە وازیان لێبهێنێت و گوێ بە هەڵسوکەوتەکانیان نەدات و خۆی ئامادە بکات بۆ دژایەتیکردنی موعاویەی کوری ئەبوسوفیان لە شام و کەوتۆتە هەوڵدان بۆئەوەی جارێکی تر هێرشبکاتە سەر شام، بە ئامانجی ملکەچکردنی موعاویە و لایەنگرانی، بۆ ئەمە بە سوپایەکەوە بەرەو شام بڕوات، بە ئومیدی سەرکەوتن بەسەر موعاویە و شامیەکان (ابن قتیبة، ١٩٩٠، ج١، ص١٦٧).

لەم ئان و ساتە و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی سوپا و ڕۆشتن بۆ شام، هەواڵ گەیشتۆتە خەلیفە عەلی خەڵکی پێشنیاری ئەوە دەکەن بڕۆنە شەڕی خەوارجەکان، دوای سەرکەوتن بەسەر ئەواندا بڕۆنە شەڕی شامیەکان، بۆیە خەلیفە عەلی لایەنگرانی کۆکردۆتەوە و ئاماژەی بەوەکردووە بیستومە ئەم قسانەتان کردووە، کە شەڕ لەگەڵ خەوارجەکان بۆ ئێمە بە چاکتر و گرنگ ترە، واز لەوان بهێنن، بڕۆنە شەڕی ئەو کەسانەی دەیانەوێت خەڵک بکەنە کۆیلەی خۆیان و خۆیان بکەنە پادشا. ئەم وتانەی خەلیفە وایکردووە لایەنگرانی گوێڕایەڵی خەلیفەبن و خۆیان بۆ شەڕی موعاویە ئامادە بکەن (الطبری، ب.س، ج٣، ص١١٧-١١٨).

لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ شەڕی شام، خەوارجەکان لە ناوچەی نەهرەوان تاوانێکیان ئەنجامداوە ئەویش کوشتنی یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) بووە، کە ناوی عەبدوڵای کوڕی خەباب، لەگەڵ خێزانەکەی بووە، وەک دەگێڕنەوە خێزانەکەی سکیشی هەبووە (المسعودی، ١٩٨٨، ج٢، ص ٢٦١-٢٦٢)، جگە لەوەش چەند کەسێکی تریان لەهەمان کاتدا کوشتووە، لەوکاتەدا عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب لە ئەنبار سەربازخانەیەکی دروستکردووە، خەریکی خۆئامادەکردن بووە بۆ شەڕکردن لەگەڵ خەڵکی شام، بۆ ئەوەی بەرنامەی کارەکەی ئەنجام بدات، هەوڵیداوە چارەسەرکردنی کێشەی خەوارجەکان بخاتە دوای هێرش بۆ سەر شام (ابن کثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص٥٨٤)، بۆیە حارسی کوڕی مورەی وەک نوێنەر ناردووە بۆلای خەوارجەکان، بزانێت هۆکاری ئەو کارەیان چییە و ڕاستی ڕووداوەکانی بۆ بهێنێتەوە، بەڵام هەر بە گەیشتنی بە ناو خەوارجەکان و پرسیارکردنی لە ڕووداوەکان ئەویشیان کوشتووە (البلاذری، ١٩٩٦، ج٣، ص ١٤٢-١٤٣).

ئەم هەواڵە بە خەلیفە و ئەو سەربازانەی لەگەڵی بوون گەیشتووە، بۆیە هاوەڵانی خەلیفە عەلی ئاماژەیان بەوەکردووە، ئەی خەلیفەی موسڵمانان چۆن واز لەوان بهێنین و بڕۆینە شەڕی شامیەکان؟ لەکاتێکدا مەترسی ئەمانە لەسەر ماڵ و منداڵەکانمانە؟ بۆیە ئێمە بۆ شەڕی ئەوان ببە، کاتێك لەوان ڕزگاربووین بۆ شەڕی شامیەکان دەڕۆین (ابن الطقطقا، ب.س، ص٩٤)، لایەنگرانی خەلیفە عەلی لەگەڵ ئەوەدا نەبوون بڕۆن بۆ شام و خەوارجەکان لەوێدا هەبن، ترسیان لەوەبووە لەگەڵ ڕۆشتنیان خەوارجەکان خوێنی ماڵ و منداڵیان حەڵاڵ بکەن


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

و بیان کوژن، بۆیە داوایان لە خەلیفە عەلی کردووە سەرەتا شەڕی ئەوان بکەن (الطبری ب.س، ج٣، ص١١٩)، بۆیە خەلیفە بە خۆی و ئەو سوپایەی بۆ شەڕی شام ئامادەی کرد بوو بەرەو ناوچەی نەهرەوان ڕۆشتووە، کە شوێنی سەرەکی خەوارجەکان بووە (ابن كثير: م.س، ج١٠، ص٥٨٧).

ئەمەش کاریگەریەکی خراپی هەبووە لەسەر سوپا و لایەنگرانی خەلیفە عەلی، چونکە نەیانتوانیووە ئامانجە گەورەکەی خۆیان بپێکن لە سەرکەوتن بە سەر موعاویە و لایەنگرانی، نەک هەر ئەمە، بەڵکو ڕێگەیان بۆ موعاویە خۆشکردووە ئەم هەلە بقوازێتەوە، کاتێك خەلیفە عەلی بە شەڕی خەوارجەکانەوە سەرقاڵ بووە، موعاویە لە چەند کاتێکی جیاوازدا دەستی بە هێرش بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلیفە کردووە، وەک هێرش بۆ سەر ناوچەی هیت و ئەنبار (ابی الفداء، ب.س، مج١، ص١٧٩)، هەروەها هێرشکردن بۆ ناوچەی عینولتەمر (ابن الجوزی، المنتظم، ١٩٩٢، ج٥، ص١٥٧)، هێرشکردن بۆ ناوچەی حیجاز (المقدسی، ب.س، ج٥، ص٢٢٩-٢٣٠)، یەکێک لەو هێرشانەی موعاویە تێدا سەرکەوتوو بووە هێرشکردن بووە بۆ ناوچەکانی میسر بە سەرکردایەتی عەمرو کوڕی عاص، ئەوکات والی خەلیفە عەلی موحەمەدی کوڕی ئەبوبکری صدیق بووە ئەگەرچی ڕووبەڕووی بۆتەوە، بەڵام موحەمەد پاش بەرگریەکی زۆر تێکشکاوە و کوژراوە. بەم شێوەیە موعاویە توانی دەستبەسەر میسردا بگرێت و لەژێر دەسەڵاتی خەلیفە عەلی دەری بهێنێت و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە (ابن خياط، ١٩٩٥، ص١١٦، المظفري، ١٩٨٩، ص١٧٦-١٧٧).

بەکورتی دەتوانین بڵێین خەوارجەکان کاریگەرییەکی خراپیان هەبووە لەسەر سوپای خەلیفە عەلی و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی، چونکە لەلایەك بەهۆی دروستبوونی خەوارجەکانەوە بەشێکی زۆری لە سوپاکەی لە دەستداوە، دواتر ئەمانە توندوتیژیان دژی لایەنگرانی خەلیفە ئەنجام داوە، لەلایەکی ترەوە بە هۆی سەرقاڵبوونی خەلیفە عەلی بەوانەوە، موعاویە ئەو هەلەی قۆستۆتەوە و دەستی کردووە بە هێرشکردنە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلیفە عەلی، تا دواجار هەندێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلیفە عەلی بلکێنێت بە شامەوە، لەوانە ناوچەیەکی گرنگی وەک میسری لە ژێر دەسەڵاتی دەرهێناوە و کردویەتە بەشێک لە دەسەڵاتەکەی خۆیی.

## باسی دووەم:جەنگی نەهرەوان و هەوڵەکانی خەوارج بۆ دژایەتی خەلافەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیب

هەروەك پێشتریش ئاماژەی پێکراوە خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب سوپایەکی ئامادەکردووە بۆ ئەوەی شەڕی موعاویە و خەڵکی شامی پێبکات، چونکە دوو دادوەرەکە نەگەیشتبوونە هیچ ئەنجامێك، بەڵام لەم کاتەدا خەوارجەکان لە ناوچەی نەهرەوان دەستیان کردووە بە جموجۆڵەکانیان دژی خەلیفە و لایەنگرانی، یەکێک لەو کارانە کوشتنی عەبدوڵای کوڕی خەباب و خێزانەکەی بووە (ابن طقطقا، ب.س، ص ص٩٣-٩٤.)، سەرەڕای ئەمە هەروەک تەبەری گێڕاویەتەوە سێ ژنیان لە خەڵکی (تەیی)یان کوشتووە، ئەمە جگە لە کوشتنی ژنێکی تر بەناوی دایکی سینانی صەیداویە(تاریخ الطبری، ب.س،ج٣، ص١١٩)، هەروەها کوشتنی نوێنەرەکەی خەلیفە عەلی کە ناردبووی بۆ لێکۆڵینەوە لەوکارانەی خەوارج کردبوویان، بۆیە ئەم ڕووداوانە خەلیفە عەلی ناچار کردووە ئەو سوپایەی ئاراستەی شامی کردووە ئاراستەی نەهرەوانی بکات (الكامل، ١٩٨٧، ج٣، ص٢١٩)، بە گەیشتنی خەلیفە عەلی بە ناوچەی نەهرەوان، هەموو هەوڵێکی خەلیفە عەلی ئەوە بووە شەڕیان لەگەڵ نەکات، بروایان پێبهێنێت واز لەم کارەیان بهێنن و بکوژانیان ڕادەست بکەن، ئەو نایەوێت شەڕیان لەگەڵ بکات، بەڵکو ئامانجی سەرەکی شەڕکردنیەتی لەگەڵ موعاویە و لایەنگرانی، بۆیە ئاماژەی بەوەکردووە ئەگەر بکوژانمان تەسیلم بکەن وازتان لێدەهێنین و بە جێتان دەهێڵین، بۆئەوەی برۆین بۆ ڕووبەڕووی خەڵکی شام، بەڵام خەوارجەکان ئاماژەیان بەوەکردووە ئەوانەی کوژراون بە هەمومان ئەوانمان کوشتووە (الطبری، ب.س، ج٣، ص١٢٠).

دوای ئەو هەوڵە یەک لە دواییەکانەی خەلیفە عەلی و گوێ نەدانی خەوارجەکان بە هەوڵەکان و بێ هیوابوونی خەلیفە عەلی لە هەموو کارێکی ئاشتیخوازانە و نەمانی هیچ ڕێگەچارەیەک جگە لە ڕێگای شەڕ نەبێت (العمري، ٢٠٠٧، ص٤٨٥)، بۆ ئەمەش سوپاکەی ڕێکخستووە، سەرکردەکانی سوپا و چۆنیەتی تەکنیکی شەڕی دیاریکردووە (ابن قتيبة، ١٩٩٠، ج١، ص١٦٩). بەهەمان شێوەش خەواریجەکانیش خۆیان

بۆ شەڕ ئامادەکردووە، بە حوکمی ئەوەی خەوارجەکان پێشتر بەشێک بوون لە سوپاکەی خەلیفە عەلی، هەمان تەکنیکی شەڕی ئەوانیان بەکارهێناوە (ابن الاثیر، ١٩٨٧ ،ج٣، ص٢٢١).

خەلیفە عەلی وەک ئەوەی هێشتا هیوای مابێت بە گەڕانەوەی بەشێک لە خەوارجەکان و شەڕنەکردنیان کارێکی تری بەکارهێناوە، فەرمانی بە ئەبوئەیوبی ئەنصاری کردووە ئالایەك هەڵبکات داوا لە خەوارجەکان بکات هەر کەسێکیان بێتە ژێر ئەم ئالایەوە پارێزراو دەبێت، هەر کەسێکیش شەڕەکە جێبهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ کوفە ئەویش هەر پارێزراو دەبێت، تەنیا شەڕ لەگەڵ ئەوانە دەکەین هاوەڵانی ئێمەیان کوشتووە (ابن الجوزي، المنتظم، ١٩٩٢، ج٥، ص١٣٤). وەک سەرچاوەکان بۆمانیان گێڕاوەتەوە، ئەم بیرۆکەیە وایکردووە جیاوازی لە بۆچوون لەناو خەوارجەکان دروست بێت، تا ئەوەی کەسایەتیەکی دیاری نێو خەوارجەکان بە ناوی فەروەی کوڕی نەوفل ئاماژەی بەوەکردووە، سوێند بەخوا من نازانم لەسەرچی شەڕ لەگەڵ عەلی دەکەین، بۆیە بە باشی دەزانم لێرە بڕۆم تا هەموو شتێکم بۆ ڕوون و ئاشکرا دەبێت، بزانم بۆچی شەڕی لەگەڵ بکەم، یا بۆ ڕێگەی ڕاست بگەڕێمەوە و شوێنی بکەوم. ئەم قسانەی وایکردووە پێنج سەد کەس هاوڕایبوون، شوێنی شەڕەکەیان بە جێهێشتووە و ڕۆشتوون بۆ ناوچەیەک بەناوی بندنیجین ژمارەیەکی تریشیان گەڕاونەتەوە بۆ کوفە، ژمارەیەکیش ڕۆیشتوونەتە ژێر ئالاکە و وازیان لە بەرەی شەڕی خەوارجەکان هێناوە (البلاذری، ١٩٩٦، ج٣، ص١٤٦) وەک دەگێڕنەوە ئەم سیاسەتەی خەلیفە وایکردووە ئەوانەی لەگەڵ عەبدوڵای کوڕی وەهبی ڕاسبی مانەوە نزیکەی هەزارو هەشت سەد کەس بوون (الطبري، ب.س، ج٣، ص١٢١). ئەمەش دڵفراوانی خەلیفە و هەوڵدان بۆ شەڕنەکردن لەگەل خەڵکانێک ئەویان بە کافر زانیووە، شەڕ و ئاژاوەیان بۆ دروستکردووە، بە هۆی ئەمانەوە سوپاکەی ڕووبەڕووی لاوازی و پەرتبوون بووە، تەنانەت داوای لە سوپاکەی کردووە، شەڕ دەست پێمەکەن تاوەکو ئەوان شەڕ دەست پێنەکەن (ابن الجوزي، المنتظم، ١٩٩٢، ج٥، ص١٣٤).

لە دوای ئەوە وردە وردە خەوارجەکان دەست پێشخەریان کردووە، بەرەو ڕووی سوپاکەی خەلیفە عەلی هێرشیان بردووە، خەلیفە عەلیش ئەسپسوارەکانی لە ڕیزی پێشەوە ئامادەکردووە و تیرهاوێژەکانی خستۆتە بەردەمیان، پیادەکانی خستۆتە ڕیزی دواوەوە (ابن کثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص٥٨٧-٥٨٨). خەوارجەکان بە دروشمی حوکم تەنیا بۆ خودا و بڕۆین بەرەو بەهەشت هێرشیان کردۆتە سەر ئەسپسوارەکانی نێو سوپاکەی خەلیفە عەلی، ئەسپسوارەکانیش خۆیان کردووە بە دووشەوە بە شێک بۆلای ڕاست و بەشێکیش بۆ لای چەپ، بەم شێوەیە خەوارجەکان کەوتوونەتە بەردەم تیرهاوێژەکان (ابن الجوزی، منتظم، ١٩٩٢، ج٥، ص١٣٤). لە ڕێگەی ئەم پلانە جەنگییەوە لە ماوەیەکی کورتدا زۆربەی زۆری خەوارجەکان کوژراون (الطبري، ب.س، ج٣، ص١٢٢)، جەنگەکەش لە ڕۆژی٩ی سەفەری ساڵی ٣٨ك ڕوویداوە (ابن کثیر، ١٩٩٧ ، ج١٠، ص٥٩٠).

دەبینین بە هۆی نابەرامبەری هێز و بوونی پلانێکی تۆکمەی سەربازی لەلایەن خەلیفە عەلیەوە، جەنگەکە ماوەیەکی کەمی خایاندووە، شەڕەکەش لە بەرژەوەندی خەلیفە عەلی کۆتایی پێهاتووە، بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە خەوارجەکان، وەک باس دەکرێت چەند کەسێکی کەمیان لە شەڕەکەدا دەربازبوون (الطبري، ب.س، ج٣، ص ١٢١-١٢٢.)، بەڵام لەناو سوپاکەی خەلیفە عەلی وەک ئیبن ئەسیر ئاماژەی پێکردووە تەنها حەوت کەس کوژراون (١٩٨٧، ج٣، ص٢٢٣).

هەروەک تەها حسێن ئاماژەی بەوەکردووە، لە دوای ئەم جەنگەوە خەلیفە عەلی وای بۆ چووە لە شەڕی خەوارجەکان تەواو بووە، بۆیە دەیویست سوپاکەی بۆ شەڕی شام ئامادە بکات و بەرەو ئەوێ بە ڕێ بکات، بەڵام بیری لەوە نەکردبوویەوە، زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی لە شەڕی نەهرەوان کوژرابوون خەڵکی کوفەبوون، کەمێکیشیان خەڵکی بەسرە بوون، لە زۆرینەی هۆزەکان کوژراو هەبووە، زۆر بەشیان لە خزمانی ئەوانەبوون لە سوپای خەلیفە عەلیدا بوون، وەك عەددی کوڕی حاتەم لە نەهرەوان لەگەڵ خەلیفە عەلی بووە، بەڵام زەیدی کوڕی لەناو خەوارجەکان لە شەڕەکە کوژراوە (ب.س، ج٢، ص١٠٦)، بۆیە ئاسای بووە جارێکی تر خەوارجەکان خۆیان ڕێکبخەنەوە و دەستبکەنەوە بە جوڵانەوەیەکی نوێ بۆ دژایەتیکردنی خەلیفە عەلی، یەکەمین جوڵانەوەش لەلایەن هۆزی ناجیەوە بە سەرکردایەتی خەریتی کوڕی ڕاشید بووە(البلاذری، ١٩٩٦، ج٣، ص١٧٧)، کە لەگەڵ (٣٠٠) سێسەد شوێنکەوتەی لە شاری کوفەوە ڕیزەکانی ڕێکخستووە،

چونکە خەریت پێشتر دژی کوشتاری خەوارجەکان لە نەهرەوان بووە، بۆیە هەر لە دوای شەڕی نەهرەوانەوە ڕۆشتۆتە لای خەلیفە عەلی ئاماژەی بەوەکردووە، ئیتر گوێڕایەڵی فەرمانت نابم و لە پشتەوە نوێژناکەم و لێت جیادەبمەوە، چونکە بە پێچەوانەی فەرمانی خودا تەحکیمت کردووە، دوای ئەم قسانە خەریت کوفە بەجێدەهێڵێت (ابن الجوزی، المنتظم، ١٩٩٢، ج٥، ص١٥٣-١٥٤)، بۆ ئەوەی جوڵانەوەکەی خەریت فراوان نەبێت و کێشەی زیاتری بۆ دروست نەبێت، خەلیفە عەلی بڕیار دەدات سوپایەک بە سەرکردایەتی مەعقەلی کوڕی قەیس بنێرێت بۆ شەڕی خەریت و لایەنگرانی (ابن الاثیر، ١٩٨٧، ج٣، ص٢٣٧)، خەریت لە شاخی ڕامەهورمز توانیویەتی ژمارەیەك لە خەڵکی ناوچەکە لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، لە هەمان شوێن هەردوولا ڕووبەڕوو بوونەتەوە (ابن کثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص ٦٦٧-٦٦٨)، ئەنجامی شەڕەکە خەریت شکستی خواردووە، ژمارەیەکیش لە لایەنگرانی کوژراون، بەڵام خەریت خۆی و ئەوانەشی لەگەڵی مابوون هەڵهاتوون، ئەمەش وای لە مەعقەل کردووە جارێکی تر خۆی ڕێکخستۆتەوە و دوای خەریت کەوتووە، لەم ڕووبەڕووبوونەیەدا خەریت و ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی کوژراون، بە کوژرانی خەریت بزوتنەوەکەشی کۆتای پێهاتووە (بڕوانە: ابن الاثیر،١٩٨٧، ج٣، ص ٢٣٨-٢٤١.).

بەڵام بە کوژرانی خەریت جوڵانەوەی خەوارجەکان کۆتای پێنەهاتووە، بەڵکو خەلیفە عەلی تا جوڵانەوەیەکیانی کۆتای پێهێناوە، جوڵانەوەیەکی تریان سەریهەڵدەدا. یەکێکی تر لە جوڵانەوەکانی خەوارج بزوتنەوەکەی هیلالی کوڕی عەلفە بووە، کە لەگەڵ دووسەد کەس لە هەڵگرانی بیروباوەڕی خەوارج ڕوویان کردۆتە ناوچەی ماسبزان (البلاذری، ١٩٩٦، ج٣، ص٢٤١)، بۆ ئەم جوڵانەوەش خەلیفە عەلی جارێکی تر مەعقەلی کوڕی قەیسی بۆ شەڕی ئەوان ناردووە، بە هۆی زۆری سوپای مەعقەڵ و کەمی ژمارەی لایەنگرانی هیلال، بە زووی مەعقەل بەسەریاندا سەرکەوتووە (ابن الاثیر، ١٩٨٧، ج٣، ص ٢٤١-٢٤٢).

یەکێکی تر لە بزوتنەوەکانی خەوارج لە دوای شەڕی نەهرەوان بزوتنەوەکەی ئەبومریەم بووە لە ساڵی ٣٩ک (ابن خیاط، ١٩٩٥، ص١١٩)، ئەم شۆڕشەی خەوارج لە ناوچەی شارەزوور برەوی سەندووە، زۆرێك لە خەڵکی ئەو ناوچە شوێنی کەوتبوون. لە گێڕانەوەیەکدا باس لەوە دەکرێت ئەبومەریەم تەنها شەش عەرەبی لەگەڵ دا بووە کە خۆی یەکێك بوو لەوان (البلاذری، ١٩٩٦، ج٣، ص٢٤٧-٢٤٨). ئەبو مریەم کاتێک بڕیاری شەڕی لەگەڵ خەلیفە عەلی داوە بە نزیکەی چوار سەد سەربازەوە ڕوویکردۆتە کوفە (ن.م، ١٩٩٦، ج٣، ص ٢٤٨)، خەلیفە عەلی نوێنەری بۆلای ناردووە و داوای لێکردووە ڕێز لە بەیعەتەکەی خۆی بگرێت و بگەڕێتەوە بۆ کوفە، بەڵام ئەبو مریەم ڕازی نەبووە (ابن الاثیر، ١٩٨٧، ج٣، ص٢٤٢). لە ئەنجامی سووربوونی ئەبو مەریەم بۆ شەڕکردن، شەڕ لە نێوان هەردوولادا ڕوویداوە، لە سەرەتای شەڕەکەدا ئەبو مەریەم هێرشی کردۆتە سەر سوپای خەلیفە عەلی بەسەرکردایەتی شورەیحی کوڕی هانی، لە سەرەتای شەڕەکەدا ئەبومەریەم توانیوویەتی بەسەر شورەیحدا سەربکەوێت، ئەمە لە کاتێکدا بووە شورەیح (٧٠٠)حەوت سەد سواری لەگەڵدا بووە (البلاذری، ١٩٩٦، ج٣، ص٢٤٨)، بۆیە خەلیفە عەلی ناچار بووە خۆی بڕوات بۆ شەڕی ئەبو مریەم پاش شەڕ و پێکدادان ئەبو مریەم و هاوڕێکانی کوژراون (ابن الاثیر، ١٩٨٧، ج٣، ص٢٤٢).

## باسی سێیەم: کوژرانی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب بە دەستی خەوارجەکان

لەو ساتەوە خەلیفە عەلی ڕووبەڕووی ئەو تەنگ و چەڵەمەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارەکانی بۆتەوە، لەگەڵ نارەحەتی بارودۆخەکەدا، هەوڵیداوە لایەنگرانی بۆ چوون بەرەو شام ئامادە بکات، بۆئەوەی بەرپەرچی هێرش و پەلامارەکانی موعاویە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لە عێراق و حیجاز و یەمەن بداتەوە، لە هەمانکاتدا لە هەوڵی بەردەوامدا بووە لەگەڵ خەوارج بۆ گێڕانەوەیان، ئەمەش لە ڕێگەی سیاسەتی نەرم و نیانی، کەچی خەوارج بەردەوام لە دەرفەت گەڕاون بۆ ئەوەی دژی خەلیفە عەلی بوەستنەوە(طه حسین، ب.س ، ج٢، ص١٦٦).

لە ڕاستیدا خەلیفە عەلی بە تەواوی لەو بارودۆخە بێزار بووە، کە ڕووبەڕووی بووبوویەوە، هەر بۆیە هەندێک لە مێژوونووسان دەگێڕنەوە خەلیفە عەلی بەردەوام وتوویەتی: بۆ بەدبەخترین کەسی ئێوە نایەت دەستی بۆ سەر و ڕیشی بردووە، ئەمە بەمە سوربکات واتا ڕیشم بە خوێنی سەرم سور بکات(ابن الاثیر، ١٩٨٧، ج٣، ص٢٥٤).

خەوارجەکان کاتێک سەردانی ماڵی خودایان بۆ حەجکردن کردووە، جیاوازی حاجیەکانی خەلیفە عەلی و موعاویەیان بینیووە، کەسیان لە پشتی ئەوەکەی تریان نوێژ ناکات، ئەمەش لە هیچ یەک لە سەردەمەکاندا بوونی نەبووە، بۆیە لە زۆر شوێن کەوتوونەتە پیلاندانان دژی هەردوو بەرەکە (ابن قتيبه، ١٩٩٠، ج١، ص١٧٩-١٨٠)، بۆ ئەمە سێ کەس لە خەوارجەکان لە شاری مەککە کۆبوونەتەوە و پەیمانیان داوە، کە ئەبێت عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب خەلیفەی موسڵمانان و موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان والی شام و عەمروی کوڕی عاص والی میسر بکوژن (ابي الفداء، ب.س، ج١، ص١٨٠). ئەوانیش عەبدولڕەحمانی کوری مولجم و بورکی کوڕی عەبدوڵا و عەمری کوڕی بەکر بوون (ابي الفرج الاصفهانی، ١٣٧٤، ص٤٤)، هەرسێکیان ڕێککەوتوون بەوەی عەبدولڕەحمان عەلی کوری ئەبوتاڵیب بکوژێت، بورک موعاویە و عەمری کوڕی بەکریش عەمری کوڕی عاص بکوژێت (المسعودی، ١٩٨٨، ج٢، ص٢٦٨).

هەروەک ئیبن ئەسیر ئاماژەی پێکردووە ئەوان سەبارەت بە چارەنووسی خەڵك گفتوگۆیان کردووە و ئاماژەیان بە خراپی فەرمانڕەواکانی خۆیانداوە، کوشتنی نەهرەوانیان کەوتۆتەوە بیریان، ئاماژەیان بەوە کردووە، دوای ئەوان چ سوودێك لەم ژیانە هەیە، باشترە گیانی خۆمان بۆ خودا بەخت بکەین و سەرکردە دەرچووەکان بکوژین، بۆیە سوێندیان خواردووە و پەیمانیان بەستووە هیچ کامیان دەست لە کەسە ئاماژە پێدراوەکان هەڵنەگرێت و نەگەڕێتەوە تا دەیکوژێت یان لەم ڕێگایەدا دەکوژرێت (١٩٨٧، ج٣، ص٢٥٥). بۆ ئەنجامدانی کارەکەیان ڕۆژی حەڤدەی ڕەمەزانی ساڵی ٤٠ کۆچیان دیاری کردووە (ابي الفداء، ب.س، مج١، ص١٨٠)

عەبدولڕەحمانی کوڕی ملجم چووە بۆ کوفە، ڕۆژێك لەناو بنەماڵەی تیمولرەباب دانیشتووە باسی جەنگی نەهرەوانیان کردووە، کە چییان بە سەرهاتووە، لەم کاتەدا ژنێك لەم خێڵە کە ناوی قتامی کچی شجنە بووە باوك و براکەی لە جەنگی نەهرەواندا کوژرابوون دەرکەوتووە، کە ژنێکی جوان بووە، کاتێك عەبدولڕەحمان بینیویەتی دڵی لێی چووە، داوای لێکردووە شوی پێبکات، ئەویش سێ مەرجی بۆ داناوە کە شوی پێبکات، ئەوانیش سی هەزار درهەم و کڕینی کارەکەرێك و کوشتنی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب بووە، عەبدولڕەحمان وتوویەتی داواکاریەکانت جێبەجێ دەکەم، ئەم ڕووداوە عەبدولڕەحمانی زیاتر هانداوە لەسەر جێبەجێکردنی کارەکەی، بۆیە ئەوەی بۆ قتام باس کردووە ئەو بۆ کوشتنی عەلی هاتۆتە کوفە، بۆیە ژنەکە ڕازی بووە شوی پێبکات، بەڵام بەردەوام ئەوەی پێڕاگەیاندووە دەبێت عەلی بکوژیت (ابي الفرج الاصفهانی، ١٣٧٤، ص٤٥-٤٦). دواتر قتام ناردوویە بە دوای پیاوێك لە هۆزەکەی بە ناوی وەردان کە لەو بارەیەوە گفتوگۆی لەگەڵ کردووە کە ببێتە هاوەڵی عەبدولڕەحمان بۆ ئەو کارە، پیاوەکەش بەمە ڕازی بووە (ابن کثير، ١٩٩٧، ج١١، ص١٣).

پاشان عەبدولڕەحمان توانیویەتی بڕوا بە پیاوێکی دیکەی خەوارج بکات و بە لای خۆیدا ڕای بکێشێت کە ناوی شەبیبی کوڕی نەجد بووە، لەگەڵیدا بەشداری کوشتنی خەلیفە عەلی بکات، بەمەش سێ کەس بۆ کوشتنی خەلیفە عەلی ڕێکەوتوون (ابي الفداء، ب.س، مج١، ص١٨٠). لە بەرەبەیان و لەکاتی ڕۆشتنی خەلیفە عەلی بۆ نوێژی بەیانی کارەکە ئەنجام بدەن، بۆیە لەکاتی دیاریکراودا ڕۆیشتوونەتە ئەو جێگەیەی کە ویستویانە کارەکەی تیدا جێبەجێبکەن، ئەویش گرتنی ئەو سەرە ڕێگایە بووە کە خەلیفە عەلی پێیدا بەیانیان هاتووچۆی مزگەوتی کردووە، هەر کە خەلیفە عەلی دەرکەوتووە شەبیب پەلاماری داوە و شمشێرێکی بۆ هێناوەتەوە، بەڵام بەری نەکەوتووە، عەبدوڵڕەحمانییش لە دواوە بە خەنجەر لێیداوە (الطبري، ب.س، ج٣، ص١٥٦).

خەڵکی لەم پێشهاتە ئاگاداربۆتەوە و گەیشتوون بە شوێنی ڕووداوەکە، توانیویانە عەبدولڕەحمان دەستگیربکەن، شەبیب و وەردانیش ڕایان کردووە. خەلیفە عەلی بە سەختی پێکراوە، بەڵام توانایی قسەکردنی هەبووە، بۆیە ئاماژەی بەوەکردووە، ئاگاداری ئەم پیاوە بن لە دەستتان هەڵنەیەت، بیهێننە لام، دوای هێنانی بۆلای، خەلیفە عەلی پێی وتووە، چی وای لێکردی ئەم کارە بکەیت؟ لە وەڵامدا عەبدولڕەحمان وتوویەتی چل ڕۆژە شمشێرەکەم تیژ دەکەم و لە خوا دەپاڕامەوە خراپترین دروست کراوەکانی بەم شمشێرە بکوژرێت، خەلیفە عەلیش پێی وتووە: کەواتە خۆت بەوە دەکوژرێیت، چونکە خۆت خراپترین دروستکراوی خودایت (ابن کثیر، ١٩٩٧، ج١١، ص١٤-١٥)، پاشان خەلیفە عەلی ئاماژەی بەوەکردووە، ئەگەر مردم بیکوژن بە هەمان ئەو شێوەیەی منی کوشت، ئەگەر زیندوو مامەوە، زیندانی بکەن تا بزانم چی لەگەڵ بکرێت، ئەی بنەماڵەی عەبدولموتەلیب ئاگاداربن تەنیا بکوژەکەم لە جیاتی من بکوژن، هیچ کات ئەشکەنجەی مەدەن

یان لوت و گوێی مەبڕن، چونكە لە پێغەمبەرم بیستووە گوتوویەتی: لە بڕینی ئەندامەکان خۆتان بە دوور بگرن (ابن الاثير، ١٩٨٧، ج٣، ص ٢٥٧-٢٥٨).

خەلیفە عەلی سێ ڕۆژ بە برینداری ماوەتەوە لە بەیانی ڕۆژی هەینی تا شەوی یەك شەممەی ١٩ی ڕەمەزانی ساڵی(٤٠ك) كۆچی دوای كردووە (ابن قتيبه، ١٩٩٠، ج١، ص١٨١).

لە كاتی بریندارییدا هاوەڵانی خەلیفە عەلی بە عەلیان ڕاگەیاندووە، ئەگەر تۆ بە جێمان بهێڵیت لەگەڵ حەسەن بەیعەت بكەین؟ عەلی وتوویەتی: نە فەرمانی ئەو كارەتان پێ دەكەم نە دەبمە ڕێگر لە بەردەمتان (ابن كثير، ١٩٩٧، ج١١، ص١٥).

سەبارەت بە دوو هاوڕێ و هاوبیرەكانی تری عەبدولرەحمانی كوری مولجم كە بۆ كوشتنی موعاویە و عەمروی كوری عاص خۆیان ئامادەكردبوو، بوركی كوڕی عەبدولا لە نوێژی بەیانیدا ڕۆشتووە بۆ موعاویە و توانی بە شمشێرێک لێبدات، لەبەرئەوەی برینەكەی سووک بوو نەی كوشتووە، چارەسەریان بۆ كردووە (ابي الفرج الاصفهانی١٣٧٤، ص٤٤)، عەمرو كوڕی بەكریش كە بۆ كوشتنی عەمروی كوڕی عاص ڕۆشتووە لەبەرئەوەی عەمرو نەخۆش بووە، بۆیە نەڕۆشتووە بۆ مزگەوت، لە جیاتی ئەو خاریجەی كوڕی ئەبی حەبیب نوێژی بەیانی بۆ خەڵک كردووە، لە كاتی نوێژدا عەمرو لێیداوە و كوشتوویەتی، عەمرو پێی وابووە ئەوەی لێیداوە عەمروی كوڕی عاصە، بۆیە هاواری كردووە و بە خەڵكی وتووە: ڕزگارم كردن لە دەست عەمروی كوڕی عاص، ئەوانیش وتیانە ئەوەی كوشتت خاریجە بوو نەک عەمرو، ئەویش وتویەتی: من عەمروم ویست، بەڵام خودا خاریجەی ویست (البلاذري، ١٩٩٦، ج٣، ص٢٥٢).

دوای ئەوەی عەلی كوڕی ئەبوتاڵیب لە ڕۆژی یەك شەممەی نۆزدەی ڕەمەزانی ساڵی٤٠ک كۆچیدا وەفاتی كردووە، هاوەڵانی خەلیفە عەلی بەیعەتیان بە حەسەنی كوڕی عەلی وەک جێنشین داوە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە خەلیفە عەلی ئامادەنەبووە كەس لە جێگەی خۆی دابنێت، بەڵكو ئەم كارەی بۆ هاوەڵانی جێهێشتووە، بۆ ئەمە قەیسی كوڕی سەعدی كوڕی عبادە كە یەكێک بووە لە سەركردە دیارەكانی سوپای خەلیفە عەلی، هاتووە بۆ لای حەسەن و پێی وتووە دەستت بێنە با لەسەر كتابی خودا و سوننەتی پێغەمبەرەكەی بەیعەتت پێبدەم (ابن الجوزي، المنتظم، ١٩٩٢، ج٥، ص ص١٦٥-١٦٦)

## ئەنجام

**سەر ئەنجامی ئەم توێژینەوە گەیشتینە ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:**

١. خەوارجەكان ئەو كۆمەڵەیە بوون كە لە دوای جەنگی سەففەین كە لە نێوان عەلی كوڕی ئەبوتاڵیب خەلیفەی موسڵمانان و موعاویەی كوڕی ئەبوسوفیانی والی شام ڕوویداوە، لە سوپاكەی خەلیفە عەلی جیابوونەتەوە، كە بە ڕێكەوتنی تەحكیم ڕازی نەبوون، بۆیە دروشمی لا حُكْمَ إِلاَّ لِلهِ یان بەرزكردۆتەوە، پێیان وابووە دەبێت شەڕ بەردەوام بێت تا خودا لایەك بە سەر لاكەی تر سەر دەخات.

خەوارجەكان بە چەند نازناوێك ناسراون لەوانە: خەوارج، شرات، مارقه، حروريه، محكمه، كە هەر یەك لەم نازناوانەش تایبەت بووە بە ڕووداوێك یان ئایەتێك یان حەدیسێك یان شوێنێك یان دروشمێك، هەندێك لەو نازناوانە خۆیان لە خۆیان ناوە، هەندێكیان لایەنگرانی خەلیفە عەلی لێیان ناون.

٢. سەبارەت بە دەركەوتنی خەوارجەكان بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك پێیان وایە سەرهەڵدانی خەوارجەكان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) بۆ ئەمەش ئەو پیاوە بە بەڵگە دەهێننەوە كە ناوی زولخویزرەی تەمیمی بووە لەكاتی دابەشكردنی دەستكەوتێک پێی وابووە كە پێغەمبەر(د.خ) دادپەروەری لە دابەشكردنی بەكار ناهێنێت، بۆیە بە پێغەمبەری وتووە ئەی پێغەمبەر دادپەروەری بەكاربهێنە. ڕووبەڕووی پێغەمبەر(د.خ) وەستاوەتەوە، بەڵام ئەمە ناكرێتە بەڵگەی ئەوەی كە خەوارجەكان لەو سەردەمەوە هەبوون، چونكە ئەگەر ئەمە ڕوویدا بێت لە سنوری تاكە كەسی بووە، نەچۆتە چوارچێوەیەكی فراوانەوە و لایەنگری هەبێت. ئەوە هەیە پێغەمبەر(د.خ) باسی لەوە

کردووە کە لە پشتی ئەم پیاوەوە کۆمەڵێك کەس دروست دەبن وەك چۆن تیر لە کەوان دەر دەچێت ئاوا لە ئیسلام دەردەچن. هەندێکی تر پێیان وایە ئەوانەی خەلیفە عوسمانیان شەهیدکردووە خەوارجەکان بوون. بەڵام ناتوانین بەمانەش بڵێین خەوارجەکان، چونکە تا ئەوکاتە هیچ گروپێك نەبووە ڕابەرایەتی ئەوانە بکات یان گروپێك نەبووە بە ناوی خەوارج، بەڵکو ئەوانەی عوسمانیان شەهیدکردووە موسڵمانانی ناوچە جیاوازەکانی ژێردەسەڵاتی خەلافەت بوون، کە بەهۆی خراپی والییەکانەوە ناڕەزاییان دەربڕیووە. سەر ئەنجامی ناڕەزاییەکان بەهۆیەوە خەلیفە عوسمان شەهیدکراوە.

دەکرێت بڵێین زۆربەی زۆری ئەوانەی دەستیان لە شەهیدکردنی خەلیفە عوسماندا هەبووە، دواتر بوون بە بەشێکی سەرەکی لە خەوارجەکان نەك وەک ئەوەی خەوارجەکان بە شێوەی گروپێك لەو سەردەمەدا هەبووبن. هەندێکی تر پێیان وایە خەوارجەکان لە دوای شەڕی سەففەینەوە سەریان هەڵداوە کە بە ئاگربەستی نێوان خەلیفە عەلی و موعاویە ڕازی نەبوون، بۆیە لە سوپاکەی عەلی جیابوونەوە. لەڕاستیدا ئەوەی وارده بۆچوونی سێیەمیانە کە خەوارجەکان لە دوای شەڕی سەففەینەوە وەکو گروپێکی سەربەخۆ دەرکەوتوون.

٣. دیارە چەند هۆکارێك هەبووە بۆ دەرکەوتنی ئەم گروپە لەناو موسڵماناندا لەوانە، هەر لە دوای وەفاتی پێغەمبەرەوە (د.خ) جیاوازی لە نێوان موسڵمانان هاتۆتەکایەوە لەسەر مەسەلەی جێنشینی و وەرگرتنی دەسەڵات ململانێ دروست بووە، ئەم ململانێیەش بە ڕووداوی سەقیفە دەستی پێکردووە، پاشانیش کوژرانی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففانی خەلیفەی سێیەمی موسڵمانان بە دەستی خودی موسڵمانان، کە ئەمەش یەکەمین خەلیفە بووە کە بەدەستی موسڵمانان بکوژرێت. دواتریش بەهۆیەوە شەڕی جەمەل و سەففەین ڕوویانداوە. ئەمانە هەموو هۆکار بوون بۆ دەرکەوتنی خەوارج و جیابوونەوەیان لە کۆمەڵی موسڵمانان.

٤. کاتێك خەوارجەکان جیابوونەتەوە هەموویان سەرەتا یەك گروپ بوون، بەڵام دوای ڕۆیشتنی عەبدوڵای عەباس بۆ ناویان و هێنانەوەی بە شێکیان بۆ ناو موسڵمانان، جیاوازی لە نێوانیان دروست بووە، وردە وردە بوون بە چەند گروپێکی جیاواز جیاواز لەوانە حروریيە، ئەزاریقە، نجدات، سەفاریە، ئەبازیە، بەیهەسیە، هتد... زۆربەی ئەم گروپانە بە ناوی سەرکردەکەیانەوە ناونراون، هەریەك لەم گروپانەش کۆمەڵێك بیروباوەڕی دژ بە یەکیان هەبووە.

٥. جیابوونەوەی خەوارجەکان لە خەلیفە عەلی کاریگەریەکی خراپی لەسەر سوپاکەی هەبووە، بەهۆی ئەوانەوە دەسەڵاتەکەی لاوازبووە، چونکە لەلایەك خەلیفە عەلی بە هۆی جیابوونەوەی ئەمانەوە بەشێك لە سوپاکەی لە دەستداوە، لەلایەکی ترەوە زۆرجار ئەمانە خراپەکاریان بەرامبەر لایەنگرانی خەلیفە عەلی کردووە، هەروەها بەردەوام لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا هێرشیان کردۆتە سەر خەلیفە عەلی. سەرباری ئەمانە بە هۆی ئەوەی زۆرجار خەلیفە عەلی بە ئاژاوەکانی خەوارجەکانەوە خەریك بووە، موعاویە ئەم هەلەی قۆستۆتەوە و هێرشی کردۆتە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلیفە عەلی و داگیری کردووە، وەك ئەوەی دەستی بە سەر میسردا گرتووە.

٦. کاتێك خەلیفە عەلی سوپایەکی ئامادەکردووە و ویستوویەتی بڕوات بۆ شەڕی شام کەچی نەیتوانی ئەم کارە ئەنجام بدات، بەهۆی کارە ئاژاوەگێڕییەکانی خەوارج، بۆیە ئەو سوپایەی ئامادەی کردووە بۆ شەڕی شامیەکان ئاڕاستەی نەهرەوانی بۆ شەڕی خەوارجەکان کردووە. سەرئەنجام خەلیفە عەلی لە جەنگەکەدا بەسەر خەوارجەکاندا سەرکەوتووە، هەموو ئەو خەوارجانەی لە بەرەکانی شەڕ ماونەتەوە کوژران، جگە لەوانەی لە جەنگەکە هەڵهاتوون. دواتر بەهۆی ئەم کوشتارەوە زۆرێك لەوانەی بیروباوەڕی خەوارجیان هەبووە یان لە دڵەوە لایەنگری خەوارجەکان بوون، بەڵام خەلیفە عەلیان بەجێ نەهێشتووە، هەر لە کوفە و بەسرە ماوونەتەوە و دەستیان کردووە بە شۆرش و ڕاپەڕین دژی کوشتاری خەوارجەکان، هەربۆیە هەندێک پێیان وایە خەوارج وەك ماریك وابووە کە لەو جەنگەدا پێکرا، بەڵام نەکوژرا.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٧.خەوارجەکان هەمیشە بیریان لەوە کردۆتەوە تۆڵەی جەنگی نەهرەوان بکەنەوە، بۆئەمەش هەمیشە پیلانیان دارشتووە. لەلایەکی ترەوە خەوارجەکان کاتێك ڕۆشتوون بۆ حەج بینیویانە لایەنگرانی خەلیفە عەلی بە جیا ڕێوڕەسمی حەج دەکەن، لایەنگرانی موعاویەش بەجیا، ئەمە وای لە خەوارجەکان کردووە پیلان بۆ کوشتنی عەلی و موعاویە و عەمروی کوری عاص دابڕێژن، چونکە پێیان وابووە بە کوژرانی ئەم سێ کەسە کۆتایی بەو ئاژاوەیە دێت کە موسڵمانان تووشی بوون، هەر بۆیە سێ کەسیان خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ئامادەکردووە، ئەوانیش عەبدولرەحمانی کوری ملجم و بەرکی کوری عەبدولای تەمیمی و عەمروی کوری بەکری تەمیمی بوون. سەرئەنجام پیلانەکەی بەرك و عەمرو سەری نەگرتووە، بەڵام عەبدولرەحمان توانی خەلیفە عەلی بکوژێت. بە کوژرانی خەلیفە عەلی لایەنگرانی عەلی حەسەنی کوری عەلییان بۆ خەلیفە هەڵبژاردووە.

## لیستی سەرچاوەکان

***قورئانی پیرۆز**

**أ_سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**


١_ابن ابي حديد، ٢٠٠٧، شرح نهج البلاغة، ط١، دار التاب العربي، بغداد.(ت ٦٥٦هـ)

٢_ابن الاثير، ابي الحسن على، ١٩٨٧، الكامل في التاريخ، ب.ط، دار كتب العلمية، بيروت.(ت٦٣٠ هـ)

٣_ابن الجوزى: لآبى الفرج عبدالرحمن، ٢٠٠٦، تلبيس ابليس، ب.ط، دار الوطن للنشر.(ت ٥٩٧ هـ)

٤_ابن الجوزى، لآبى الفرج عبدالرحمن، ١٩٩٢، المنتظم في تاريخ الملوك والامم، ط١، دار كتب العلمية، بيروت.(ت ٥٩٧ هـ)

٥_ابن الخياط: ابى عمرو، ١٩٩٥، تاريخ خليفة بن خياط، ط١، داركتب العلمية، بيروت.( ت٢٤٠ هـ)

٦_ابن العديم: كمال الدين، ١٩٩٦، زبدة الحلب من تاريخ حلب، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت.(ت ٦٦٠هـ)

٧_ابن القتيبة، ابى محمد عبدالله، ١٩٩٠، الامامة والسياسة المعروف بتأريخ الخلفاء، ط١، دار الاضواء، بيروت.(ت ٢٧٦ هـ)

٨_ابن شاكر الكتبى، محمد، ١٩٨٠، عيون التواريخ، ب.ط، مكتبة النهضة، القاهرة.(ت ٧٦٤ هـ)

٩_ابن دحية الكلبى، لآبى الخطاب عمر، ١٩٩٨، أعلام النصر المبين في المفاضل بين أهل صفين، ط١، دارالغرب الاسلامى، بيروت.( ت٦٣٣ هـ)

١٠_ابن طقطقا: محمد، ب.س، الفخرى فى الاداب السلطانية و الدول الاسلامية، ب.ط، دار الصادر، بيروت.( ت ٧٠٩ هـ)

١١_ابن كثير، عمادالدين، ١٩٩٧، البداية والنهاية، ط١، دارهجر، ب.م.( ت ٧٧٤ هـ)

١٢_ابن مزاحم، لنصر، ١٩٩٠، وقعة صفين ، ب.ط، دار الجيل، بيروت.( ت ٢١٢ هـ)

١٣_ابى الفداء، ب.س، المختصر فى اخبار البشر(تاريخ ابى الفداء)، ب.ط، مكتبه المتنبى، القاهره.( ت ٧٣٢ هـ)

١٤_الاصفهانى، ابى فرج، ١٣٧٤، مقاتل الطالبيين، ط٢، انتشارات الشريف الرضى. ( ت ٣٥٦ هـ)

١٥_البغدادى، عبدالقاهر، ٢٠٠٨، الفرق بين الفرق، ط٤، دار الفكر، بيروت، لبنان.( ت٤٢٩ هـ)

١٦_البلاذرى، احمد، ١٩٩٦، انساب و الاشراف، ط١، دار الفكر، بيروت.

١٧_الدينورى، احمد، ب.س، الاخبار الطوال، ب.ط، الاسكندرية. (ت ٢٨٢ هـ)

١٨_السيوطي:جلال الدين، ٢٠٠٣، تاريخ الخلفاء، ط١، دار ابن حزم، بيروت.( ت ٩١١ هـ)

١٩_الشهرستانى، لآبى فتح محمد، ١٩٩٣، الملل و النحل، ط٣، دار المعرفة، بيروت.

٢٠_الطبرى، ابى جعفر محمد، ب.س، تاريخ الطبرى الامم و الملوك، ب.ط، داركتب العلمية، بيروت.( ت ٣١٠ هـ)

٢١_القلقشندى، احمد، ب.س، مأثرالاناقة في معالم الخلافة، ب.ط، عالم كتب، بيروت.( ت ٨٢١ هـ)

٢١_المسعودى، على الحسن، ١٩٨٨، مروج الذهب معادن الجوهر، ط١، دمشق.( ت ٣٤٦ هـ)

٢٣_المظفرى، شهاب الدين، ١٩٨٩، تاريخ المظفرى، ب.ط، دار الثقافة للنشر و التوزيع، القاهرة.( ت ٦٤٢ هـ)

٢٤_المقدسی، للمطهر، ب.س، كتاب البدء و التاريخ، ب.ط، المكتبة الثقافية الدينية، ب.م.(ت ٣٥٥ ھ)

٢٥_النوبختی، للحسن، ١٩٩٢، فرقة الشيعة، ط١، القاهرة. ( د. ت)

٢٦_اليعقوبی، احمد، ٢٠١٠، تاريخ اليعقوبي، ط١، بيروت.( ت ٢٩٢ ھ)

**ب_ژێدەرەكان بە زمانی عەرەبی**

٢٧_البجاوی، علی، ابوفضل، محمد، ١٩٨٨، أيام العرب فی الاسلام، ط١، دار الجيل، بيروت.

٢٨_حسين، طه، ب.س، الفتنة الكبری، علی و بنوة، ط١٣، دار المعارف، القاهرة.

٢٩_الشامی، احمد، ابونصر، محمد، ٢٠٠٧، الحضاره الاسلاميه انتشارها و تأثيرها فی الحضاره الاوروبيه، ب.ط، ب.م.

٣٠_العشماوی، محمد، ١٩٩٢، الخلافه الاسلاميه، ط٢، سينا نشر، القاهره.

٣١_عمارة، محمد، ٢٠٠٤، الاسلام و الحرب الدينية، ط١، مكتبة الشروق الدولية، قاهرة.

٣٢_العمري، أكرم ضياء، ٢٠٠٧، عصر الخلافة الراشدة، ب.ط، مكتبة العبيكان.

٣٣_كحيله، عباده، ب.س، العقد الثمين فی تاريخ المسلمين، ط١، دار الكتاب الحديث، الكويت.

٣٤_المحيدين، عطا، ٢٠٠٧، حركات الخوارج فی بلاد الكورد و ماجاورها ،ط١، سليمانی.

٣٥_المودودی، ابوالاعلی، ١٩٧٨، الخلافة و الملك، ط١، دار القلم، كويت.

٣٦_الوردي، علی، ١٩٩٤، مهزلة العقل البشري، ط٢، دار كوفان للنشر، بيروت.

٣٧_ياسين، باقر، ١٩٩٩، تاريخ العنف الدموي في العراق، ط١، دار الكنوز الادبية، بيروت.

**ج_ژێدەرەكان بە زمانی كوردی**

٣٨_أمين، نەبەز، ٢٠٠٢، دەوڵەتی ئەمەوی و كەسايەتی خەلیفەكانی لە دید و بۆچونی هەندێ لە رۆژهەڵات ناساندا، چ١، سلێمانی.

٣٩_أنوەر، كەیوان، ٢٠٠٩، مێژووی ئاینەكان،چ١، كتێبخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

٤٠_جلالی، مصلح، ١٩٨٧، شۆراتەكان ،ب.چ، دار الحريه، بغداد.

٤١_كرمانج، شێركۆ، ٢٠٠٥، بە سیاسی كردنی ئیسلام، چ.نییە، سلێمانی.

٤٢_گەزنەیی، محمد، ٢٠٠٤، دەستوری حوكمڕانی لە فقهی ئیسلامیدا، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر.

٤٣_مصری، فوئاد، ٢٠٠٥، بیری ئوسوڵی ئیسلامی، چ٢، سلێمانی.

**د_نامەكان**

٤٤_سبحان، أسۆ، ٢٠١٧، كاریگەری سیستەمی خێڵایەتی لەسەر ململانێی دەسەڵات لە مێژووی ئیسلامدا(١-١٣٢ك/ ٦٢٢-٧٤٩ز) نامەی ماستەربڵاونەكراوە، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان، ز.سلێمانی، سلێمانی.

**ه_گۆڤارەكان**

٤٥_حاجی، زریان، ٢٠٠٧، بنەما سەرەكیەكانی فیكری خەوارج ، ژ(٥)، گۆڤاری ڕێنساس، ٣٣_٤١.

٤٦_كانبی، صلاح، سبحان، أسو، ٢٠١٩، كاریگەری خێڵ لەسەر دەسەڵات لەسەردەمی خەلیفە عەلی كوڕی ئەبوتاڵیب(٣٥-٤٠ك/٦٥٦-٦٦١ز) (جەنگی جەمەل_جەنگی سەففەین)بەنمونە، خول(٦)، ژ(٣)، گۆڤاری ز.گەرمیان، ٦٣_٨٢.